# کێن ئەوانەی مەلائیکەتەکان بۆیان دەپاڕێنەوە
# وە
# کێن ئەوانەی مەلائیکەتەکان نەفرەتیان لێ دەکەن

نوسینی

**د. فضل إلهي**

وەرگێڕانی بە دەستکاریەوە

**م. ابوبكر احمد**

چاپی یەکەم

1431 ك - 2010 ز

**ناوی پەرتووک**

# کێن ئەوانەی مەلائیکەتەکان
# بۆیان دەپاڕێنەوە
# وە
# کێن ئەوانەی مەلائیکەتەکان
# نەفرەتیان لیَ دەکەن

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

إِنَّ الْحَمْدَ لِلَّهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ, وَنَعُوذُ بِاللَّهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنَا وَسَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا, مَنْ يَهْدِهِ اللَّهُ فَلاَ مُضِلَّ لَهُ, وَمَنْ يُضْلِلْ فَلاَ هَادِىَ لَهُ, وَأَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ, وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ .

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ﴿١٠٢﴾﴾ سُــورَة آلِ عِمْرَانَ

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ﴿١﴾﴾ سُورَة النِّسَاءِ

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ﴿٧٠﴾﴾ سُورَة الأَحْزَابِ

أَمَّا بَعْدُ:

فَإِنَّ أَصْدَقَ الْحَدِيثِ كِتَابُ اللَّهِ, وَأَحْسَنَ الْهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ(ﷺ), وَشَرَّ الأُمُورِ مُحْدَثَاتُهَا, وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ, وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلاَلَةٌ, وَكُلَّ ضَلاَلَةٍ فِي النَّارِ .

موسڵمانی بەڕێز: ئەم نامیلکەیەی کە لە بەردەستت دایە, باس لە دوو جۆر خەڵکی دەکات, کە جۆرێکیان بەختەوەرو سەرفرازن لە دونیاو دواڕۆژ, وە جۆرێکی تریشیان بەدبەختو چارە ڕەشن, ئەوانیش: کێن ئەوانەی مەلائیکەتەکان دوعایان بۆ دەکەنو بۆیان دەپاڕێنەوە, وە کێن ئەوانەی مەلائیکەتەکان نەفرەتیان لێ دەکەنو دوعایان لێ دەکەن.

وە بەدڵنیایی مەلائیکەتەکان لە لای خوای گەورە زۆر بەڕێزو گەورەو پایە بەرزو شکۆ مەندنو دوعاو پاڕانەوەیان قەبوڵە لەلای خوای پەروەردگار, چونکە هیچ کاریك ئەنجام نادەن تاکو خوای گەورە فەرمانیان پێ نەکات, هەروەها هیچ شتێکیش ناڵێن تاکو خوای گەورە فەرمانیان پێ نەکات, .

إِنَّ الْحَمْدَ لِلَّهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ, وَنَعُوذُ بِاللَّهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنَا وَسَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا, مَنْ يَهْدِهِ اللَّهُ فَلاَ مُضِلَّ لَهُ, وَمَنْ يُضْلِلْ فَلاَ هَادِىَ لَهُ, وَأَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ, وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ, صَلَّى اللهُ عَليهِ وَعَلى آلِهِ وأَصحابِهِ وَبَارِكَ وسَلَم .

أمابعد:

بێگومان مرۆڤ ویستو خواستو ئارەزوی زۆری هەیەو ناتوانێت زۆریان بەدەست بهێنێت, وە هەروەها ئەو ویستو ئارەزوانەی گەمارۆ دراوە بە کێشەو بەلاو دەردەسەری, وەناش توانێت خۆی ڕزگار بکات لێیان, بۆیە پەنا دەباتە بەر زۆرێك لە ڕێگاو هۆکارە جۆراو جۆرەکان بۆ بە دەستهێنانی ویستو ئارەزوەکانیو سەرکەوتنو ڕزگار بوون لێی .

وە یەکێك لەو وانەی کە مرۆڤ پەنای بۆ دەبات, بریتیە لە پاڕانەوەو دوعاکردن لەو کەسانەی کە گومانی خێری پێ دەبات, بە تایبەت بۆ ئەوانەی کە لە لای خوای پەروەردگار دوغاو پاڕانەوایەن قەبووڵەو گیرایە .

وە بە دڵنیایی زۆرترین وەلامداراوەی دوعاو پاڕانەوەی دروستکراوەکانی خوای پەروەردگار بریتیە لە دوعاو پاڕانەوەی مەلائیکەتەکان, چونکە ووتەیەك ناڵێن کە ڕەزامەندی خوای لەسەر نەبێت, وە هیچ کارێك ناکەن ئەگەر فەرمانی خوای لەسەر نەبێت, وە بۆ هیچ کەسێکیش ناپاڕێنەوە جگە لەوانەی کە خوای پەروەردگار لێیان ڕازیە, خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿وَقَالُوا اتَّخَذَ الرَّحْمَٰنُ وَلَدًا ۗ سُبْحَانَهُ ۚ بَلْ عِبَادٌ مُّكْرَمُونَ ﴿٢٦﴾ لَا يَسْبِقُونَهُ بِالْقَوْلِ وَهُم بِأَمْرِهِ يَعْمَلُونَ ﴿٢٧﴾ يَعْلَمُ

مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَلَا يَشْفَعُونَ إِلَّا لِمَنِ ٱرْتَضَىٰ وَهُم مِّنْ خَشْيَتِهِۦ مُشْفِقُونَ ﴿٢٨﴾﴾ [يونس: ٢٦ - ٢٨] واته: خوانەناسان دەیان ووت: خوای مهرەبان کوڕی بۆ خۆی بڕیارداوە , پاکیو بێگەردی بۆ ئەو زاتەیە, بەڵکو مەلائیکەتەکان بەندەی ڕێزداری ئەون, ئەو مەلائیکەتانە ئەوەندە بەڕێزو ڕەوشت بەرزن, هەرگیز نافەرمانی نەکەنو قسە لەقسەی ئەودا ناکەنو لە گوفتاردا پێشی ناکەون, وە ئەوان بە فەرمانی ئەو دەجوڵێنەوەو فەرمانی ئەو جێ بەجێ دەکەن, تەنها خوا دەزانێت ئەو خەڵکە لە ڕابردوودا چیان ئەنجام داوەو لە داهاتوشدا چی ئەنجام دەدەن, وە مەلائیکەتەکان تکاکار نابن تەنها بۆ ئەو کەسانە نەبێت کە خوای پەروەردگار پێی ڕازییە , وە ئەو مەلائیکەتانە لە ترسی ئەو زاتە ناوێرن هیچ سەر پێچیەك ئەنجام بدەن.

### لەم ئایەتانە خوای پەروەردگار باسی مەلائیکەی کردووە ئەوانیش:

(أ)﴿لَا يَسْبِقُونَهُۥ بِٱلْقَوْلِ﴾ پێشەوا (الشَّوْكَانِيّ) لە تەفسیرەکەیدا فەرموویەتی: هیچ شتێك ناڵێن تاکو خوای پەروەردگار فەرمانیان پێدەکات, (ابْنُ قُتَيْبَةَ)و جگە لەویش وایان ووتووە(تر) .

---

(1) بروانة: فتح القدير (579/3) وتفسير البغوي (242/3) وزاد الميسر (347/5) وتفسير القرطبي (281/11) وتفسير البيضاوي (68/2) والتحرير والتنوير (51/17) وتفسير القاسمي (248/11) .

(ب) ﴿وَهُم بِأَمْرِهِۦ يَعْمَلُونَ﴾ پێشەوا (اِبْنُ حَيَّانَ الأَنْدَلسي) لە تەفسیرەکەیدا فەرموویەتی: هەروەك چۆن ووتەکانیان لە دوای ووتەی خوای پەروەردگارە, بەهەمان شێوە کارەکانیشیان بنیاتنراوە لە سەر فەرمانی خوای پەروەردگار, هیچ کارێك ئەنجام نادەن ئەگەر فەرمانیان پێنەکرابێت, ئەمەش دەستەواژەیەکە نقوم بوون لە بەندایەتیو گوێڕایەڵیو جێ بەجێکردنی فەرمانەکانی خوای پەروەردگار[1]

.

**لێرەدا سودێك:** لەم ئایەتەی خوای پەروەردگاردا کە شیخ (ابنُ عَاشور) ئاماژەی پێکردووە, کە دەڵێت: پێش خستنی ﴿بِأَمْرِهِۦ﴾ **لە** ﴿يَعْمَلُونَ﴾ بۆ گەڕاندنەوەیە, واتە: هیچ کارێك ئەنجام نادەن جگە لەوەی کە خوای پەروەردگار فەرمانیان پێ دەکات, وەك چۆن هیچ شتێك ناڵێن جگە لەوەی کە ڕەزامەندی خوای پەروەردگاری لەسەر نەبێت, بەو شێوەیەش هیچ کارێك ئەنجام نادەن جگە لەوەی کە ڕەزامەندی خوای پەروەردگاری لەسەر نەبێت[2].

(ج) ﴿وَلَا يَشْفَعُونَ إِلَّا لِمَنِ ٱرْتَضَىٰ﴾ ئیمامی (اَلْقُرْطُبِيّ) گێڕاویەتیەوە کە پێشەوا (مُجَاهِد) فەرموویەتی: هەموو ئەو کەسانەن کە خوای پەروەردگار لێ یان ڕازییە,

---

([1]) بروانة: البحر المحيط (285/6) وتفسير البغوي (242/3) وتفسير القرطبي (282/11) وتفسير البيضاوي (68/2) وتفسير القاسمي (248/11) .

([2]) بِروانة: التحرير والتنوير (52/17) .

وه مەلائیکەتەکان لە دوارۆژدا شەفاعەتیان بۆ دەکەن, وە لە صەحیحی ئیمامی (مُسْلِم) وجگە لەویشدا هاتووە, هەروەها لە دونیاشدا دوعا بۆ باوەڕداران دەکەن‌و بۆیان دەپاڕێنەوە[1] , هەروەها بەڵگەی تر لەسەر فەزڵ‌و گەورەیی دوعاو پاڕانەوەی مەلائیکە بۆ بەندەکان, کاتێکدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لای هاوەڵی بەڕێزی (سَعْد بْن عُبَادَةَ) نانی خوارد, بۆی پاڕایەوە لە خوای پەروەردگار کە سێ شتیان بۆ ببێت, لەوانە: دوعاو پاڕانەوەی مەلائیکەت, ئیمامی (أَبُوداود) گێڕاویەتیەوە لە هاوەڵی خۆشەویستەوە (أَنَس) کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) هات بۆلای هاوەڵی بەڕێزی (سَعْد بْن عُبَادَةَ), ئەویش نان‌و ڕۆنی بۆ هێنا, پێغەمبەری خوا (ﷺ) خواردی‌و پاشان فەرمووی: (أَفْطَرَ عِنْدَكُمُ الصَّائِمُونَ وَأَكَلَ طَعَامَكُمُ الأَبْرَارُ وَصَلَّتْ عَلَيْكُمُ الْمَلاَئِكَةُ)[2] واتە: ڕۆژووانان لاتان بەربانگ بکەنەوەو پیاو چاکان خواردنتان بخۆن‌و مەلائیکەتەکان بۆتان بپاڕێنەوەو دوعاتان بۆ بکەن[3] .

جا ئەگەر ئیش‌و کاری مەلائیکەت بەو شێوەیە بێت, کێ هەیە کە ژیرو هۆشمەند بێت‌و حەز نەکات لەو کەسانە بێت کە مەلائیکەت دوعای بۆ بکات‌و بۆی بپاڕێتەوە,

---

(1) بڕوانة: تفسير القرطبي (281/11) والبحر المحيط (285/6) وروح المعاني (33/17) .

(2) (وَصَلَّتْ عَلَيْكُمُ الْمَلاَئِكَةُ) واتە: مەلائیکەتەکان بۆتان بپاڕێنەوەو دوعاتان بۆ بکەن, بڕوانە: (عون المعبود(238/10) .

(3) صَحيح: رواه أَبُوداود باب ما جاء فى الدعاء لرب الطعام إذا أكل عنده (3848, 237/10-238) وصححه الشيخ الالباني في صحيح سنن ابي داود (730/2) وابن ماجه باب ما جاء في الصيام (320/751,1) .

وە کێ هەیە کە ژیرو هۆشمەند بێتو هەوڵ نەدات خۆی دوور بخاتەوە لەوانەی کە مەلائیکەت نەفرینی لێ دەکاتو دوعای لێ دەکات .

لە قورئانو سوننەتدا باسی کەسانێکی کامەرانو بەختەوەر کراوە کە مەلائیکەت دوعایان بۆ دەکەنو بۆیان دەپاڕێنەوە, وە کەسانێکیش هەن بەد بەختو چارە ڕەشن مەلائیکەت نەفرەتیان لێ دەکەنو دوعایان لێ دەکەن, جا بۆ زانینو ناسینی ئەو دوو کۆمەڵە, پێم خۆش بوو کە بیری برا موسڵمانەکانمی بخەمەوە بە پشتیوانی خوای پەروەردگار کە ئەم بابەتەم ئامادەکردووە, داواکارم لە خوای گەورەو میهرەبان هەموو لایەکمان بگێڕێت لەو کەسانەی کە مەلائیکەت دوعایان بۆ دەکەنو بۆیان دەپاڕێنەوە, وە دوریشمان بخاتەوە لەو کەسانەی کە مەلائیکەت نەفرەتیان لێ دەکەنو دوعایان لێ دەکەن, بەڕاستی خوای گەورە بیسەری دوعاو پاڕانەوەیە .

**ڕوونکردنەوەی هەندێك لە ووشەکان:**

پێم باشە پێش دەست پێکردن ڕوونی بکەمەوە کە مەبەست لە (صَلاَة)ی خوای پەروەردگار لەسەر بەندەکانی, وە(صَلاَة)ی مەلائیکە چیە, هەروەها مەبەست لە (لَعن)ی خوای پەروەردگارو (لَعن)ی مەلائیکە .

**دەربارەی (صَلاَة)ی خوای پەروەردگار لەسەر بەندەکانی, زانایان باسیان کردووە بە چەند واتایەك لەوانە:**

**یەکەم:** ئیمامی (أَبُو الْعَالِيَةِ)(ر) فەرموویەتی: (صَلَاَة)ی خوای پەروەردگار لەسەر بەندەکانی, مەدحو پیاهەڵدانی خوای پەروەردگارە بۆ بەندەکانی لای مەلائیکەت .

**دووەم:** ئیمامی (الرَّاغِب اَلأَصْفَهَانِيّ)(ر) فەرموویەتی: (صَلَاَة)ی خوای پەروەردگار لەسەر بەندەکانی, پاککردنەوەو خاوێنکردنەوەی بەندەکانە لەلایەن خوای پەروەردگارەوە .

**سێیەم:** ئیمامی (أَبُو عُبَيْدٍ الْقَاسِمُ بْن سَلام)(ر) فەرموویەتی: لێبوردنو بەخشندەی خوای پەروەردگارە بۆ بەندەکانی .

**چوارەم:** (صَلاَة)ی خوای پەروەردگار لەسەر بەندەکانی, قەدرو ڕێزو ڕووسوریە .

**پێنجەم:** (صَلَاَة)ی خوای پەروەردگار لەسەر بەندەکانی, بەرەکەتو فەڕداریە .

**پێشەوا** (إِبْنُ الْجَوْزِيِّ)(ر) فەرموویەتی: (صَلَاَة)ی خوای پەروەردگار بۆ سەرمان پێنج ووتەو بیرو بۆچوونی لەسەرە, لە پاشان باسی سیانیان دەکات کە (یەکەمو دووەمو سێیەم) پاشان فەرموویەتی: چوارەمیان: قەدرو ڕێزو ڕووسوریە, وە پێنجەمیان: بەرەکەتو فەڕداریە .

---

(1) صَحيح البُخاري, كتاب التفسير باب ﴿إِنَّ ٱللَّهَ وَمَلَٰٓئِكَتَهُۥ يُصَلُّونَ عَلَى ٱلنَّبِيِّۚ ٥٦﴾ الأحزاب: ٥٦

(2) المفردات في غريب القرآن مادة (الصلاة) صـ285 .

(3) غريب الحديث (180/1) وشرح الطيبي حيث جاء فيه: (فإن الصلاة من الله رحمة) (167/2) .

(4) **بڕوانە:** زاد الميسر (398/6) .

بــەڵام مەبەســت لــە (صَلاَة)ی مەلائیکــە بــۆ بەنــدەکان **پێشــەوا** (اِبْنُ الْجَوْزِيِّ) فەرموویەتی: (صَلاَة)ی مەلائیکەت بۆ بەندەکان, دوو بۆچوون هەیە .

**یەکـــەمیان:** ئیمــامی (أَبُـو الْعَالِیَـة)(ت) فەرموویــەتی: (صَـلاَة)ی مەلائیکــەت بــۆ بەندەکان, دوعاو پاڕانەوەیە .

**دووەم:** پێشەوا (مُقَاتل) فەرموویەتی: (صَلاَة)ی مەلائیکەت بۆ بەندەکان, داواکـردی لێخۆش بوون کردنە .

ئیمـامی (الرَّاغِب اَلأَصْفَهَانِيّ)(ب) ئـەم دوو بۆچـوونەی تێکـەڵکردووەو فەرموویـەتی: (صَلاَة)ی مەلائیکەت بۆ بەندەکان, دوعاو پاڕانەو داوای لێخۆش بوون کردنە .

بەڵام مەبەست لە (لَعن)ی خوای پەروەردگارو (لَعن)ی مەلائیکەت, ئیمـامی (الرَّاغِب اَلأَصْفَهَانِيّ) فەرموویەتی: (اللَّعْن) واتە: دەرکردن‌و دورخسـتنەوەیە لەسـەر شـێوازی توڕەبوون, وە لە دواڕۆژیشدا سزادان, وە لـە دونیاشـدا بـێ بـەش بـوون لـە ڕەحـم و بەزەیی خوای گەورە, وە لە خەڵکیشەوە دوعا کردنە(ت).

ئیمامی (اِبْنُ الْأَثِیر) فەرموویەتی: لە بنچینەدا (اللَّعْن) دەرچون ودورکەوتنەوەیـە لـە خودا، وە لە خەڵکیشەوە جوێن‌و دوعا کردنە(ث).

---

([1]) صَحیح البُخاري, کتاب التفسیر باب ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ وَمَلَٰٓئِكَتَهُۥ يُصَلُّونَ عَلَى ٱلنَّبِيِّ ۚ ﴿٥٦﴾ ﴾ الأحزاب: ٥٦

([2]) المفردات في غریب القرآن مادة (الصلاة) ص 285 .

([3]) المفردات في غریب القرآن مادة (لعن) ص 451 .

([4]) النهایة في غریب الحدیث والأثر, مادة (لعن), (255/4) وتحفة الأریب بمافي القرآن من الغریب, مادة (لعن)

## پرسیارو لێكۆڵینەوە:

بە پشتیوانی خوای پەروەردگار ئەم بابەتە لە میانەی وەڵامی دوو پرسیاردا خۆی دەبینێتەوە:

(1) كێن ئەوانەی مەلائیكەت دوعایان بۆ دەكات و بۆیان دەپاڕێتەوە .

(2) كێن ئەوانەی مەلائیكەت نەفرەتیان لێ دەكات .

## كارەكانم لە دانانی ئەم بابەتەدا:

لەو كارانەی كە خستومەتە بەرچاو لەم بابەتەدا بە پشتیوانی خوای پەروەردگار, ئەمانە بوون:

(1) گەڕانەوەی بابەتەكەم بۆ قورئان و سوننەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بووە .

(2) گواستنەوەی فەرموودەكان بۆ سەرچاوەی بنچینەیی خۆی, وە هەوڵیشم داوە بۆ ڕوونكردنەوەو حوكمی زانایان لە سەری, مەگەر ئەوەی كە لە (الْبُخَارِيُّ وَمُسْلِم) وەرم گرتبێت و گواستبێتمەوە, چونكە ئومەتی ئیسلام لەسەر وەرگرتنی یەك دەنگن(١) .

(3) سودم لە زۆرێك لە تەفسیرەكان و ڕاڤەی فەرموودەكان بینیوە, خوا پاداشتیان بداتەوە .

---

(277) وتفسير القرطبي (2/25 - 26) .

([1]) **بڕوانە:** مقدمة النووي لشرحه على مسلم (ص 14) ونزهة النظر في توضيح نخبة الفكر (ص 29) .

(4) باسێكی ئاسانم كردووە سەبارەت بەوانەی كێن ئەوانەی مەلائیكەت دوعایان بۆ دەكاتو بۆیان دەپاڕێتەوە, وە كێن ئەوانەی مەلائیكەت نەفەرەتیان لێ دەكاتو دوعایان لێ دەكات, ئەمەش نیشانەی گەورەیی من نیە, وە خۆشم بەگەورە نازانم, من تەنها هەستاوم بە كۆكردنەوەی وە پەنا بە خوا لە نەزانان .

(5) نوسینی هەندێك دەقو ووتەی پێشین (سلف)ی ئومەت, وە هەڵوێستیان سەبارەت بەو كارانەی كە هۆكارن بۆ دوعاو پاڕانەوەی مەلائیكەت, وە دركەوتنەوەیان لەو كارانە كە هۆكارن بۆ نەفرینی مەلائیكەت .

(6) ڕاڤەی هەندێك لە ووشەی نامۆو نەناسراو .

(7) نوسینی زانیاری سەبارەت بە سەرچاوەی بابەت, بۆ ئاسنكاری گەڕانەوە .

## پلانو نەخشەی بابەت:

پلانو نەخشەی ئەم بابەتە بە پشتیوانی خوای پەروەردگار بەم شێوەیە بووە:

**باسی یەكەم:** كێن ئەوانەی مەلائیكەت دوعایان بۆ دەكاتو بۆیان دەپاڕێتەوە .

**باسی دووەم:** كێن ئەوانەی مەلائیكەت نەفەرەتیان لێ دەكات .

**الخاتمە:** ئەنجامی بابەتو ئامۆژگاریەكانی لە خۆ گرتووە .

## باسی یەكەم:

## كێن ئەوانەی مەلائیكەت دوعایان بۆ دەكاتو بۆیان دەپاڕێتەوە .

خوای پەروەردگارو پێغەمبەرەكەی (ﷺ) باسی كەسانێكیان بۆ كردووین

کـــه ســـــەرفرازو بەختـــــەوەرن‌و مەلائیکەتـــــەکان دوعایـــــان بـــــۆ دەکـــــەن‌و بۆیـــــان دەپاڕێنەوە, ئەوانیش:

(1) هەرکەسێك بە دەست نوێژەوە بخەوێت .

(2) دانیشتن‌و چاوەڕوانی کردنی نوێژ .

(3) هەرکەسێك لە ڕیزی پێشەوەی نوێژی جەماعەت بێت .

(4) گەیانـــدنی ڕیزەکـــانی نوێـــژی جەماعـــەت بەیـــەکتریو پڕکردنـــەوەی بۆشـــایی .

(5) لە کاتی (آمين)ی نوێژی جەماعەت .

(6) دانیشتن لە دوای نوێژی جەماعەت .

(7) ئەنجامدانی نوێژی بەیانی‌و عەسر بە جەماعەت .

(8) صەڵاواتدان لەسەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) .

(9) هەرکەسێك بۆ برایەکی موسڵمانی بپاڕێتەوە لە پاشملە .

(10) هەرکەسێك ماڵ‌و سامان ببەخشێت لە پێناوی خوادا .

(11) هەرکەسێك بەڕۆژوو بێت‌و پارشێو بکات .

(12) پاڕانەوەی میوانێکی بەڕۆژوو بۆ خاوەن ماڵ .

(13) هەرکەسێك سەردانی نەخۆش بکات .

(14) هەرکەسێك قسەی خێر بکات لەسەر نەخۆش یان لەسەر مردوو .

(15) هەرکەسێك خەڵك فێری کاری خەیرو باش بکات .

(16) هەرکەسێك تەوبە بکات‌و بگەڕێتەوە بۆلای خوا .

## (17) دوعاو پاڕانەوەی مەلائیکەتەکان بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) .

**به پشتیوانی خوای پەروەردگار باسی هەموو ئەمانە دەکەین بە بەڵگەوە .**

**یەکەم**

**هەرکەسێك بە دەست نوێژەوە بخەوێت .**

یـەکێك لـەو سـەرفرازو بەختەوەرانـەی کـە مەلائیکەتـەکان بـۆی دەپاڕێنـەوەو دوعای بۆدەکەن, کەسێکە بە دەست نوێژەوە بخەوێت .

(1) ئیمـامی (الطَّبَرَانِيّ) گێڕاویەتیـەوە لـە (اِبْنُ عَبَّاسٍ رضي الله عنهما) کـە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرموویـەتی: (طَهِّـرُوا هَـذِهِ الأَجْسَـادَ طَهَّـرَكُمُ اللَّـهُ, فَإِنَّـهُ لَـيْسَ عَبْـدٌ يَبِيـتُ طَـاهِرًا إِلا بَـاتَ مَلَـكٌ فِـي شِـعَارِهِ[1] لا يَنْقَلِـبُ سَـاعَةً مِـنَ اللَّيْـلِ إِلا قَـالَ: اللَّهُـمَّ اغْفِـرْ لِعَبْدِكَ فَإِنَّهُ بَاتَ طَاهِرًا)[2] واتـە: لاشـەتان پـاك ڕبگـرن خـوای گـەورە پاکتـان بکاتـەوە, چـونکە بەڕاسـتی هـیچ بەندەیـەك نیـە بـە دەسـت نوێـژەوە بخـەوێت, ئـیللا مەلائیکـەتێکی لەگەڵدایـە هـیچ کاتێـك لەشـەو تێناپـەڕێت, ئـللا ئـەو مەلائیکـەتـە دەڵـێ: خوایـە لـەم بەندەیـە خۆشـبە, چـونکە بـە دەسـت نوێژەوە خەوتووە .

---

(1) (شِعَارِهِ) پێشەوا (المنذري) فەرموویەتی: بریتیە لەو پۆشاکەی دەلکێت بە لەشەوە, بڕوانە: الترغيب والترهيب(408/1) .

(2) رواه الطبراني وحسنه الشيخ الالباني في صحيح الترغيب والترهيب (599) وفي صحيح الجامع (3936) .

(2) ئیمــامی (ابْـنُ حِبَّـانَ) گێڕاویەتیــەوە لــە (ابْـنُ عُمَـر رَضِيَ اللهُ عَنْهُمْ) پێغەمبــەری خــوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمْ) فەرموویــــەتی: (مَـنْ بَـاتَ طَـاهِرًا بَـاتَ فِـي شِـعَارِه مَلَـك لا يَسْـتَيْقِظ سَـاعَة مِـنْ اللَّيْـلِ إِلاَّ قَـالَ الْمَلَـك: اللَّهُـمَّ اِغْفِـرْ لِعَبْـدِك فُـلان فَإِنَّـهُ بَـاتَ طَـاهِراً)[1] واتــە: هەرکەســێك بــە دەســت نوێــژەوە بخــەوێت، ئــەوا مەلائیکــەتێکی لەگــەڵ دایــەو هــیچ ســەعاتێك نییــە کــە ئــەم دیــوەو ئــەو دیــو بکــاتو هــەڵ بســتێت، ئــیللا ئــەو مەلائیکەتــە داوای لێخــۆش بــوونی بــۆ دەکــاتو دەفــەرمووێ: خوایــە لــە فلاّنــە بەندەت خۆشبە، چونکە بە دەست نوێژەوە خەوتووە.

## سودو ئامۆژگاری ئەم دوو فەرموودەیە:

(1) هەرکەســێك بــە دەســت نوێــژەوە بخــەوێت, ئــەوا مەلائیکــەت لــەو پۆشــاکەی دەلکێــت بــە کــە لاشــەیەوەیە, ئــەمش گــەورەترین شــانازیە بــۆ مرۆڤــی موســڵمان .

(2) خــوای گــەورە مەلائیکــەتێکی تایبــەت کــردووە بــەو کەســانەی کــە بــە دەســت نوێــژەوە دەخــەون, وە ئــەو مەلائیکەتــە داوای لێخــۆش بــوون بــۆ ئــەو موسڵمانە دەکات .

وە هــەر لــە فــەزڵو گــەورەیی دەســت نوێــژدا, ئیمــامی (أَحْمَد) گێڕاویەتیــەوە لــە

---

[1] الاحسان في تقريب صحيح ابن حبان, كتاب الطهارة, باب فرض الوضوء, رقم (1051/3 – 328 - 329) وصححه الالباني الترغيب والترهيب (371/1) وفي الصَحِيحَة (2539) .

(مُعَاذ بْن جَبَل ﷺ) كــه پێغەمبــەری خــوا (ﷺ) فەرموويــەتی: (مَا مِنْ مُسْلِمٍ يَبِيتُ عَلَى ذِكْرٍ طَاهِرًا فَيَتَعَارُّ[1] مِنَ اللَّيْلِ فَيَسْأَلُ اللَّهَ خَيْرًا مِنَ الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ إِلاَّ أَعْطَاهُ إِيَّاهُ)[2] واتــە: هــەر موســڵمانێك بــە دەســت نوێــژەوە بخــەوێتو شــەو بكاتــەوە, وە داوا خێــر بكــات لــە خــوای پــەروەردگار لــە دونيــاو دواڕۆژدا ئــيللا خــوا پێــی دەبەخشــێت, ئــەم فەرموودەيــە ســودی ئــەوەی تێدايــە كــە: خــەوتن بــە دەســت نوێــژەوە هۆكــارە بــۆ گيرابــوونی دوعــاو پاڕانــەوەكان, خــوای گــەورە بمان گێڕيچت لەو كەسانە... **آمين** .

## دووەم

## دانيشتنو چاوەڕوانی كردنی نوێژ .

يــەكێكی تــر لــەو ســەرفرازو بەختەوەرانــەی كــە مەلائيكەتــەكان بــۆی دەپاڕێنــەوەو دوعــای بۆدەكــەن, كەســێكە لــە مزگــەوت دابنيشــێتو چــاوەڕێی نوێژ بكات.

ئيمــامی (مُسْلِم) گێڕاويەتيــەوە لــە (أَبُو هُرَيْرَةَ ﷺ)وە كــە پێغەمبــەری خــوا (ﷺ) فەرموويەتی: (أَحَدُكُمْ مَا قَعَدَ يَنْتَظِرُ الصَّلاَةَ فِي صَلاَةٍ مَا لَمْ يُحْدِثْ تَدْعُو لَهُ الْمَلاَئِكَةُ

---

(1) (فَيَتَعَارُّ) ئيمامی (الخَطابي) فەرموويەتی: مانای هەستان لە خەوو ئەم دووەو ئەو ديو كردن لەسەر جێگايە(معالم السنن 143/4) .

(2) رواه احمد في المسند (235/5) وأبوداود في السنن (5032, 262/13) وصححه الشيخ الالباني في صحيح سنن ابي داود(951/3) .

اللَّهُمَّ اغْفِرْ لَهُ اللَّهُمَّ ارْحَمْهُ)[1] واتـه: يـه‌كێك لـه‌ئێوه كاتێك داده‌نیشـێت‌و چاوه‌ڕێی نوێژ ده‌كات, ئه‌گه‌ر ده‌ست نوێژی هه‌بێت وه ئازاری كه‌س نـه‌دات، ئـه‌وا مه‌لائیكـه‌ت ده‌ڵێن: خوایه لێی خۆشبه‌و ڕه‌حمی لیٚ بكه .

## سێیه‌م

## هه‌ركه‌سێك له ڕیزی پێشه‌وه‌ی نوێژی جه‌ماعه‌ت بێت

یه‌كێكی تـر لـه‌و كه‌سانه‌ی كـه مه‌لائیكـه‌ت دوعـای بـۆ ده‌كـات‌و بـۆی ده‌پاڕێتـه‌وه, ئه‌وانه‌ن كه له ڕیزی پێشه‌وه نوێژی جه‌ماعه‌ت ده‌كه‌ن .

ئیمـامی (أَحمد) گێڕاویه‌تیـه‌وه لـه (الْبَـرَاءِ ﷺ)وه كـه پێغه‌مبـه‌ری خـوا (ﷺ) فه‌رموویه‌تی: (إِنَّ اللَّهَ وَمَلاَئِكَتَهُ يُصَلُّونَ عَلَى الصَّفِّ الأَوَّلِ)[2] خـوای گـه‌وره ڕه‌حـم‌و به‌زه‌یی خۆی ده‌ڕێژێت به‌سه‌ر ئه‌و موسڵمانانه‌ی كه له ڕیزی پێشه‌وه نوێـژ ده‌كـه‌ن, وه مه‌لائیكه‌ته‌كانیش داوای لیٚ خۆشبوونیان بۆ ده‌كه‌ن‌و بـۆ یـان ده‌پاڕێنـه‌وه . لـه فه‌رموده‌یه‌كه تـردا كـه ئیمـامی (أَحمد) گێڕاویه‌تیـه‌وه لـه (أَبُو أُمَامَةَ وه (ﷺ) كـه پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) فه‌رموویه‌تی: « إِنَّ اللَّهَ وَمَلاَئِكَتَهُ يُصَلُّونَ عَلَى الصَّفِّ الأَوَّلِ » قَالُوا يَا رَسُولَ اللَّهِ وَعَلَى الثَّانِي قَالَ « وَعَلَى الثَّانِي»[3] واتـه: خـوای گـه‌وره ڕه‌حـم‌و

---

([1]) صحيح مسلم باب فضل صلاة الجماعة وانتظار الصلاة (1543) .

([2]) رواه أحمد أبو داود وابن خُزيمة وابن حبان, وصححه الشيخ الالباني في صحيح الجامع (1839) .

([3]) رواه أحمد في المسند (22923), وصححه الشيخ الالباني في صحيح الترغيب والترهيب (491) .

بەزەیی خۆی دەڕێژێت بەسەر ئەو موسڵمانانەی کە لە ڕیزی پێشەوە نوێژ دەکەن, وە مەلائیکەتەکانیش داوای لێ خۆشبوونیان بۆ دەکەن و بۆ یان دەپاڕێنەوە, ووترا پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەی ڕیزی دووەم؟ فەرمووی: ڕیزی دووەمیش .

## چواردەم

## گەیاندنی ڕیزەکانی نوێژی جەماعەت بەیەکتری و پڕکردنەوەی بۆشایی .

یەکێکی تر لەو کەسانەی کە مەلائیکەت دوعای بۆ دەکات و بۆی دەپاڕێتەوە, ئەوانەن کە ڕیزەکان تەواو دەکەن و بۆشایی پڕدەکەنەوە .

ئیمامی (أحمد) گێڕاویەتیەوە لە دایکی باوەڕدارانەوە (عائشة وە (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا) کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (إِنَّ اللَّهَ وَمَلاَئِكَتَهُ يُصَلُّونَ عَلَى الَّذِينَ يَصِلُونَ الصُّفُوفَ)[1] واتە: خوای گەورە ڕەحمو بەزەیی خۆی دەڕێژێت بەسەر ئەو موسڵمانانەی کە لە ڕیزەکان دەگەیەنن بەیەك و بۆشایی پڕدەکەنەوەو, وە مەلائیکەتەکانیش داوای لێ خۆشبوونیان بۆ دەکەن و بۆ یان دەپاڕێنەوە, وە ئیمامی (ابْنُ حِبَّانَ) ناونیشانێکی داناوە بەناوی (ڕەحمو بەزەیی خوای پەروەردگار لەگەڵ داوای لێ خۆشبوونی مەلائیکەتەکان بۆ ئەوانەی ڕیزەکان دەگەیەنن بەیەك و

---

(1) رواه أَحمد(1048) وابن ماجه (995) وابن خزيمة(23/3) وابن حبان(2163) وصححه الشيخ الالباني في صحيح الترغيب والترهيب(501).

بۆشایی پردەکەنەوە)[(تر)] .

## پێنجەم

## له له کاتی ( آمین )ی نوێژی جەماعەت.

بەدڵنیایی چەندین بەڵگەی جێگیرو چەسپاو هەیە لەسەر ئەوەی کە مەلائیکەتەکان ئامین دەکەن لە کاتی خوێندنی سورەتی فاتیحەی پێش نوێژ خوێن, لەو بە لگانەش:

(1) ئیمامی (الْبُخَارِيّ) گێڕاویەتیەوە لە (أَبُو هُرَيْرَةَ رضي الله عنه)وە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: « إذَا قَالَ الإِمَامُ ﴿غَيْرِ ٱلْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ۝٧﴾ فَقُولُوا آمِينَ . فَإِنَّهُ مَنْ وَافَقَ قَوْلُهُ قَوْلَ الْمَلاَئِكَةِ غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ »[(2)] واتە: ئەگەر پێش نوێژ خوێن ووتی: ﴿غَيْرِ ٱلْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ۝٧﴾ ئەوا ئێوەش بڵێن: ئامین, چونکە بەڕاستی هەرکەسێك ئامین کردنەکەی لەگەڵ ئامینی مەلائیکەتەکاندا یەك بگرێت, ئەوا خوای پەروەردگار لە گوناهو تاوانەکانی پێشوی خۆش دەبێت .[(سم)]

---

([1]) الإحسان في تقريب صحيح ابن حبان (536/5) .

([2]) رواه البخاري (782) .

([3]) سەبارەت بە کاتو شوێنی ئامین ووتن, زانای پایە بەرز (محمد بن صالح العثيمين) فەرموویەتی: متى يقول آمين ؟ فالجواب: أما الإمامُ فإذا انتهى من قوله: وَلَا ٱلضَّآلِّينَ وكذلك المنفرد) واتە: ئەگەر ووترا کەی دەبێت ( **آمين** ) بکرێت؟ وەڵامەکەی ئەوەیە کە پێش نوێژ خوێن ئەگەر کۆتایی بە سورەتی ( **الفاتحة** ) هێنا، دوای ووتنی: وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ( **آمين** ) دەکات، هەروەها ئەو کەسانەش کە بە تەنها نوێژەکانیان ئەنجام دەدەن, بڕوانە: (الشرح الممتع على زاد المستقنع: 1 /

(2) ئیمامی (الْبُخَارِيّ ومُسْلِم) گێڕاویانەتەوە لە (أَبُو هُرَيْرَةَ ﷺ)وە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: « إِذَا قَالَ أَحَدُكُمْ آمِينَ. وَالْمَلاَئِكَةُ فِى السَّمَاءِ آمِينَ. فَوَافَقَتْ إِحْدَاهُمَا الأُخْرَى غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ »[1] واتە: ئەگەر یەکێکتان بلێت ئامین (لە نوێژدا لە دوای تەواو بوونی سورەتی فاتحە ﴿وَلَا ٱلضَّآلِّينَ﴾ وە مەلائیکەتەکان لە ئاسمان دەڵێن ئامین, جا هەرکەسێك ئامین ووتنەکەی لەگەڵ ئامین ووتنی مەلائیکەتەکان یەك بگرێت, ئەوا خوای پەروەردگار لە گوناهو تاوانەکانی پێشوی خۆش دەبێت .

### سودو ئامۆژگاری ئەم دوو فەرموودەیە :

(1) مەلائیکەتەکان ئامین دەکەن بۆ ئەو کەسانەی لە نوێژی جەماعەتدا لە کۆتایی سورەتی فاتیحەدا ئامین دەکەن .

(2) مەبەست لە ووتنو ئامینی مەلائیکەتەکان, واتە: مەلائیکەتەکان دەفەرموون: پەروەردگار وەڵامیان بدەرەوە .

(3) مەلائیکەتەکان تکاو شەفاعەت بۆ نوێژ خوێنان دەکەنو بۆیان دەپاڕێنەوە .

---

539) وەرگێر .

(1) رواه البخاري (781) ومسلم (944-945) .

## شەشەم

## دانیشتن لە دوای نوێژی جەماعەت.

یەکێکی تر لەو کەسانەی کە مەلائیکەت دوعای بۆ دەکاتو بۆی دەپاڕێتەوە, ئەوانەن کە لە دوای نوێژی جەماعەت دادەنیشنو زیکری خوای پەروەردگار دەکەن .

(1) ئیمامی (أَحمَد) گێڕاویەتیەوە لە (أَبُو هُرَيْرَةَ رضي الله عنه)وە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: « الْمَلاَئِكَةُ تُصَلِّي عَلَى أَحَدِكُمْ مَا دَامَ فِي مُصَلاَّهُ الَّذِي صَلَّى فِيهِ مَا لَمْ يُحْدِثِ اللَّهُمَّ اغْفِرْ لَهُ اللَّهُمَّ ارْحَمْهُ »[1] واتە: مەلائیکەتەکان دوعاو داوای لێخۆشبوون بۆ ئەو کەسانەتان دکەن, مادام لە مزگەوتدان وە لەو شوێنەدان کە نوێژتان تێیدا ئەنجامداوە, ئەگەر دەست نوێژی هەبێت وە ئازاری کەس نەدات، ئەوا مەلائیکەت دەفەرموون: خوایە لێی خۆشبەو ڕەحمی لیٚ بکە[2] .

(2) ئیمامی (الْبُخَارِيّ) گێڕاویەتیەوە لە (أَبُو هُرَيْرَةَ رضي الله عنه)وە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (فَإِذَا صَلَّى لَمْ تَزَلِ الْمَلاَئِكَةُ تُصَلِّي عَلَيْهِ مَا دَامَ فِي مُصَلاَّهُ اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَيْهِ ، اللَّهُمَّ ارْحَمْهُ)[3]

---

([1]) رواه احمدفي المسند (8106) وقال الشيخ احمد شاكر حديث صحيح (هامش المسند 292/2) .

([2]) ئەم فەرموودەیە زانای پایە بەرز الشَّيْخ الْعَلاَّمَة: مُحَمَّد نَاصر الدِّين الأَلْبَانِي (رَحِمَهُ اللَّه) بە (صحيح)ی داناوە لە صَحِيح الْجَامِع ( **6727**) وەرگێر.

([3]) رواه البخاري (647) .

واتە: ئەگەر موسڵمانێك نوێژی كرد لە مزگەوت, ئەوا بەردەوام مەلائیكەتەكان بۆی دەپاڕێنەوەو داوای لێخۆش بوونی بۆ دەكەن, مادام لە مزگەوتدان وە لەو شوێنەدان كە نوێژتان تێیدا ئەنجامداوە, دەفەرموون: خوایە لێی خۆشبەو ڕەحمی لیّ بكە .

**بە دڵنیایی دانیشتن لە مزگەوت** لە دوای نوێژ یەكێكە لەو كردەوانەی كە مەلائیكەتەكان پێش بڕكیّ دەكەن لە بەرزكردنەوەی بۆ ئاسمان, وە هۆكارە بۆ لێخۆش بوونی گوناهو تاوان, وە هۆكارە بۆ ئەوەی بە خۆشیو كامەرانی لە دونیادا ژیان بەسەر بەری .

ئیمامی (التِّرْمِذِيُّ) گێڕاویەتیەوە لە (اِبْن عَبَّاس ﵄)وە كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: خوای پەروەردگار پێمی فەرموو: ( يَا مُحَمَّدُ هَلْ تَدْرِي فِيمَ يَخْتَصِمُ الْمَلأُ الأَعْلَى قُلْتُ نَعَمْ. قَالَ فِي الْكَفَّارَاتِ. وَالْكَفَّارَاتُ: الْمُكْثُ فِي الْمَسَاجِدِ بَعْدَ الصَّلَوَاتِ وَالْمَشْيُ عَلَى الأَقْدَامِ إِلَى الْجَمَاعَاتِ وَإِسْبَاغُ الْوُضُوءِ فِي الْمَكَارِهِ وَمَنْ فَعَلَ ذَلِكَ عَاشَ بِخَيْرٍ وَمَاتَ بِخَيْرٍ وَكَانَ مِنْ خَطِيئَتِهِ كَيَوْمَ وَلَدَتْهُ أُمُّهُ ) واتە: ئەی محمد ئایا دەزانیت مەلائیكەتە نزیكەكانم بەدوای چ شتێدا دەگەڕێنو پێشبڕكێی لەسەر دەكەن بۆ دۆزینەوەی؟ منیش ووتم: بەڵیّ ئەی خوای پەروەردگار, ئنجا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: لە داپۆشەرەكان دەگەڕێن, وە داپۆشەرەكانیش: مانەوەو دانیشتنە لە دوای نوێژەكان لە مزگەوتدا, وە ڕۆیشتنو هەنگاو نان بۆ چون بۆ مزگەوت و ئەنجامدانی نوێژی جەماعەت, وە دەست نوێژ شۆرین لە كاتی نا ڕەحەتیدا, جا هەر كەسێك ئەوانە ئەنجامبدات ئەوا بە خێرو خۆشی دەژێتو بەخۆشی دەمرێتو لە گوناهو تاوان پاك دەبێتەوە وەك ئەو ڕۆژەی كە لە دایك بووە.

### لێرەدا دوو پرسیار دێتە پێش, سەبارەت بە دانیشتن لە مزگەوت دوای نوێژەكان

**یەکەم:** ئایا بۆ بە دەستهێنانی دوعاو پاڕانەوەی مەلائیکەتەکان مەرجە لەو شوێنە دابنیشێت کە نوێژەکەت تێیدا ئەنجامداوە, یان ئەگەر شوێنەکەش بگوڕیت لە ناو مزگەوتەکەدا لەو پاڕانەوەیە بێ بەش دەبیت؟

**وەڵام:** پێشەوای پایە بەرز (اِبْن حَجَر) لە ڕاڤەی (فِي مُصَلَّاهُ) فەرموویەتی: ئەو شوێنەیە کە نوێژەکەی تێدا ئەنجامداوە, بەڵام ئەگەر نیەتی ئەوە بێت ئەوا شوێنەکەشی بگۆڕێت لە ناو مزگەوتەکەدا ئەو خێرو پاداشتەی بۆ دەنوسرێتو[1] .

**دووەم:** ئایا ئەگەر ئافرەتان لە ماڵەوەیان دوای ئەنجامدانی نوێژەکانیان دابنیشن ئەوا ئەو فەرموودانە ئەوانیش دەگرێتەوەو ئەو خێرو پاداشتو پاڕانەوەیەیان بۆ دەنوسرێت؟

**وەڵامێکی نزیك لەم بارەیەوە:** زانای پایە بەرز (اِبْن باز) فەرموویەتی: بەهەمان شێوە ئەگەر ئافرەتیش لە دوای نوێژی بەیانی دانیشتو قورئانی خوێندو زیکری خوای پەروەردگاری کرد تاکو دەرکەوتنو بەرز بوونەوەی خۆر, پاشان دوو ڕکاعەت نوێژ بکات ئەوا ئەو خێرو پاداشتو پاڕانەوەیەیان بۆ دەنوسرێت کە لە فەرموودەکاندا باسکراوە[2] .

---

[1] فتح الباري شرح صحيح البخاري (136/2) .

[2] مجموع فتاوى ومقالات متنوعة لسماحة الشيخ عبد العزيز بن باز (404-403/11) .

## حەوتەم

## ئەنجامدانی نوێژی بەیانیو عەسر بە جەماعەت .

یەكێكی تر لەو سەرفرازو بەختەوەرانەی كە مەلائیكەتەكان بۆی دەپاڕێنەوەو دوعای بۆدەكەن, ئەوانەن كە نوێژی عەسرو نوێژی بەیانی بە جەماعەت ئەنجام دەدەن .

ئیمامی (أحمد) گێڕاویەتیەوە لە (أَبُو هُرَيْرَةَ ﵁)وە كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: « تَجْتَمِعُ مَلاَئِكَةُ اللَّيْلِ وَمَلاَئِكَةُ النَّهَارِ فِي صَلاَةِ الْفَجْرِ وَصَلاَةِ الْعَصْرِ, فَيَجْتَمِعُونَ فِي صَلاَةِ الْفَجْرِ, فَتَصْعَدُ مَلاَئِكَةُ اللَّيْلِ وَتَثْبُتُ مَلاَئِكَةُ النَّهَارِ, وَيَجْتَمِعُونَ فِي صَلاَةِ الْعَصْرِ, فَتَصْعَدُ مَلاَئِكَةُ النَّهَارِ وَتَثْبُتُ مَلاَئِكَةُ اللَّيْلِ, فَيَسْأَلُهُمْ رَبُّهُمْ كَيْفَ تَرَكْتُمْ عِبَادِي, فَيَقُولُونَ أَتَيْنَاهُمْ وَهُمْ يُصَلُّونَ, وَتَرَكْنَاهُمْ وَهُمْ يُصَلُّونَ « فَاغْفِرْ لَهُمْ يَوْمَ الدِّينِ »[1]

واتە: مەلائیكەتەكانی شەوو مەلائیكەتەكانی ڕۆژ كۆدەبنەوەو بەیەك دەگەن, لە كاتی نوێژی بەیانیو نوێژی عەسردا, جا كاتێك كە بەیەك دەگەنو كۆدەبنەوە لە نوێژی بەیانیدا, ئەوا مەلائیكەتەكانی شەو سەر دەكەونو بەرز دەبنەوەو مەلائیكەتەكانی ڕۆژ جێگیر دەبن, وە كاتێك كە بەیەك دەگەنو كۆ دەبنەوە لە نوێژی عەسردا, مەلائیكەتەكانی ڕۆژ سەر دەكەونو بەرز دەبنەوەو مەلائیكەتەكانی شەو جێگیر دەبن, ئنجا پرسیاریان لێ دەكات پەروەردگاریان كە چۆن بەندەكانی منتان جێهێشت, مەلائیكەتەكانیش, لەوەڵامدا دەفەرموون: كاتێك لەلایان بووین ئەوان نوێژیان دەكرد, وە

---

(1) رواه أحمد (9140) و ابن خُزيمة (322) و ابْنُ حِبَّانَ (2061) وصححه الشيخ شاكر .

کاتێکیش بەجێیانمان هێشت ئەوان نوێژیان دەکرد, پەروەردگار لە گوناهو تاوانەکانیان خۆشبە لە ڕۆژی دوایدا[1].

ئیمامی (ابنُ خُزيمة ) ناونیشانێکی داناوە لەسەر ئەم فەرموودەیە, بە ناوی کۆ بوونەوەی مەلائیکەتەکانی شەوو ڕۆژ لە نوێژی بەیانیو نوێژی عەسردا, وە پاڕانەوەی مەلائیکەتەکان بۆ ئەو کەسانەی کە ئامادەی دەبن[2].

هەروەها ئیمامی (ابْنُ حِبَّانَ) باسێکی داناوە لە صحیحەکەیدا بەناوی مەلائیکەتەکان داوای لێخۆشبوون دەکەن بۆ ئەو کەسانەی کە ئامادەی نوێژی بەیانیانو عەسران دەبن[3].

---

(1) ئەم فەرموودەیە زانای پایە بەرز الشَّيْخ الْعَلاَّمَة: مُحَمَّد نَاصر الدِّين الأَلْبَانِي (رَحِمَهُ اللَّه) بە(صحیح)ی داناوە لە صَحِيح الترغيب والترهيب(**463**) وەرگیڕ.

(2) صحيح ابن خزيمة (165/1) .

(3) الإحسان في تقريب صحيح ابن حبان (409/5) .

## هەشتەم

## صەڵاواتدان لەسەر پێغەمبەری خوا (ﷺ)

یەكێكی تر لەو كەسانەی كە مەلائیكەت دوعای بۆ دەكات‌و بۆی دەپاڕێتەوە, ئەوانەن كە صەڵاواتدان لەسەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) .

ئیمامی (أحمد ) گێڕاویەتیەوە لە (عَبْد اللَّه بْن عَمْرو(رَضِيَ اللَّه عَنْهُمَا) وە كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: « مَا مِنْ عَبْدٍ يُصَلِّي عَلَيَّ إِلاَّ صَلَّتْ عَلَيْهِ المَلاَئِكَةُ مَادَامَ يُصَلِّي عَلَيَّ فَلْيُقِلَّ الْعَبْدُ مِنْ ذلِكَ أَوْ لِيُكْثِرْ »[1] واته:هیچ بەندەیەك نییە كە سەڵاواتم لەسەر بدات ئیللا مەلائیكەتەكان بۆ ئەو كەسە دەپاڕێنەوەو داوای لێخۆشبوون بۆ دەكەن، مادام سلاٚواتی لەسەرمن داوە,....[2]

هەروەها كاتێك هاوەڵی خۆشەویست (أُبَيُّ بن كَعْب رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووو: ( يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنِّى أُكْثِرُ الصَّلاَةَ عَلَيْكَ فَكَمْ أَجْعَلُ لَكَ مِنْ صَلاَتِى فَقَالَ: « مَا شِئْتَ ». قَالَ: قُلْتُ الرُّبُعَ. قَالَ: « مَا شِئْتَ فَإِنْ زِدْتَ فَهُوَ خَيْرٌ لَكَ » قُلْتُ النِّصْفَ. قَالَ: « مَا شِئْتَ فَإِنْ زِدْتَ فَهُوَ خَيْرٌ لَكَ ». قَالَ: قُلْتُ فَالثُّلُثَيْنِ قَالَ: « مَا شِئْتَ فَإِنْ زِدْتَ فَهُوَ خَيْرٌ لَكَ ». قُلْتُ: أَجْعَلُ لَكَ صَلاَتِى كُلَّهَا. قَالَ: « إِذًا تُكْفَى هَمَّكَ وَيُغْفَرُ لَكَ ذَنْبُكَ »[3]

---

([1]) رواه احمد(16097) وابن ماجة (907) وحسنه الشيخ الالباني في صحيح الجامع (5744) .

([2]) ئەم فەرموودەیەم داناوە لە جێی فەرموودەی دانەر, چونكە ئەو فەرموودەیەی دانەر دای نابوو (ضعيف) لاواز بوو. **وەرگێڕ** .

([3]) رواه الترمذي (7/129-130) و حسنه الشيخ الالباني في صحيح سنن الترمذي (2/299) .

واته: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من زۆر صەلاوات لەسەر تۆ دەدەم, چەندی کاتم بە صەلاواتدان لەسەر تۆ ببەمەسەر, پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: بەویستی خۆت, (أُبَيٌّ بن كَعْب رضي الله عنه) فەرمووی: چوار یەکی کاتەکانم بە صەلاواتدان لەسەر تۆ دەبەمەسەر, پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: بەویستی خۆت, ئەگەر زیاتربێت ئەوا باشترو خێرترە بۆت, (أُبَيٌّ بن كَعْب رضي الله عنه) فەرمووی: نیوەی کاتەکانم بە صەلاواتدان لەسەر تۆ دەبەمەسەر, پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: بەویستی خۆت, ئەگەر زیاتربێت ئەوا باشترو خێرترە بۆت, (أُبَيٌّ بن كَعْب رضي الله عنه) فەرمووی: سێیەك(واتە: لە نیوە زیاتر)ی کاتەکانم بە صەلاواتدان لەسەر تۆ دەبەمەسەر, پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: بەویستی خۆت, ئەگەر زیاتربێت ئەوا باشترو خێرترە بۆت, (أُبَيٌّ بن كَعْب رضي الله عنه) فەرمووی: هەموو کاتەکانم بە صەلاواتدان لەسەر تۆ دەبەمەسەر, پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەگەر تۆ زۆربەی کاتەکانت بەسەلاوات دان لەسەرمن بەسەر بەری ئەوا مەبەستی دونیاو دوارۆژت دێتەدیو **خەمو خەفەتت نامێنێتو** پەروەردگار لە تاوانەکانت خۆش دەبێت.

هەرکەسێك پێی خۆشەو حەز دەکات زانیاری زیاتری هەبێت لەسەر سودو پاداشتی صەلاواتدان لەسەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوا با بگەڕێتەوە بۆ کتێبی (جَلاءُ الأفهامِ في الصَّلاةِ والسَّلامِ عَلى خَيْرِ الأَنَام, لِلْحَافِظِ اِبْن الْقَيِّم) .

## نۆیەم

## هەرکەسێك بۆ برایەكی موسڵمانی بپاڕێتەوە لە پاشملە

یەكێكی تر لەو سەرفرازو بەختەوەرانەی كە مەلائیكەتەكان بۆی دەپاڕێنەوەو دوعای بۆدەكەن, ئەوانەن كە بۆ برای موسڵمانی خۆی بپاڕێتەوە لە پاشملە .

ئیمامی (مُسْلِم) گێڕاویەتیەوە لە (أُمُّ الدَّرْدَاءِ(رَضِيَ اللَّه عَنْهَا)وە كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: « دَعْوَةُ الْمَرْءِ الْمُسْلِمِ لأَخِيهِ بِظَهْرِ الْغَيْبِ مُسْتَجَابَةٌ عِنْدَ رَأْسِهِ مَلَكٌ مُوَكَّلٌ كُلَّمَا دَعَا لأَخِيهِ بِخَيْرٍ قَالَ الْمَلَكُ الْمُوَكَّلُ بِهِ آمِينَ وَلَكَ بِمِثْلٍ »[1] واتە: دوعاو پاڕانەوەی موسڵمان بۆ برای موسڵمانی لە پاشملەو لە كاتی دیار نەبوونیدا وەڵام دراوەیەو قەبووڵە, لە لای سەری مەلائیكەتێك هەیە سپێردراوە بەوەی هەر كاتێك بپاڕێتەوە بە خێر بۆ برای موسڵمان, ئەوا ئەو مەلائیكەتە دەفەرمووێ: ئامین. خوایە وەڵامی بدەرەوەو بە ئەندازەی ئەویش بۆ خۆی .

لەم فەرموودەیەدا ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت كە خەڵكی دوو جۆرن.

**جۆری یەكەم:** ئەوانەن كە دوعاو پاڕانەوەیان بۆ دەكرێت لەلایەن برای موسڵمانانیانەوە لە پاشملە, وە مەلائیكەتیش دەفەرمووێ: ئامین. خوایە وەڵامی بدەرەوە.

**جۆری دووەم:** ئەوانەن كە دە پاڕێنەوە بۆ برای موسڵمانیان لە پاشملە, مەلائیكەتیش دەفەرمووێ: خوایە بە ئەندازەی ئەو دوعاو پاڕانەوەیە بۆ خۆی ببێت.

---

([1]) رواه مسلم (7105) .

ئیمامی (ابْنُ حِبَّانَ) باسێکی داناوە لە صحیحەکەیدا بەناوی چاکی دوعاو پاڕانەوەی موسڵمان بۆ برای موسڵمانی لە پاشملە بە ئومێدی وەڵامدانەوە [1].

هەروەها ئیمامی (النَّوَوِيّ) فەرموویەتی: لەم فەرموودەیەدا فەزڵو پاداشتی دوعاو پاڕانەوە بۆ برای موسڵمان لە پاشملە, وە ئەگەر کەسێك بپاڕێتەوە بۆ کۆمەڵێك موسڵمان ئەوا هەموو ئەو فەزڵو پاداشتە بەدەست دەهێنێت[2].

وە هەندێك لە (السَّلَف) ئەگەر ویستی دوعاو پاڕانەوەیەکی هەبوایە ئەوا بۆ برای موسڵمانی دەپاڕایەوە بۆ ئەوەی ئەو دوعایە بۆ خۆیو برای موسڵمانی وەڵام بدرێتەوە[3].

ئیمامی (الذَّهَبِيّ) گێڕاویەتیەوە لە (أُمُّ الدَّرْدَاءِ (رَضِيَ اللَّه عَنْهَا) وە کە (أَبُو الدَّرْدَاءِ رضي الله عنه) (360) دۆستو خۆشەویستی لەبەر خوای هەبووەو بۆیان دەپاڕایەوە لە نوێژدا, وە دەیفەرموو: ئایا پێت خۆش نیە مەلائیکەتەکان بۆم بپاڕێنەوە[4].

---

(1) الإحسان في تقريب صحيح ابن حبان كتاب الرقائق باب الادعية (268/3) .

(2) شرح النووي على صحيح مسلم (94/17) .

(3) شرح النووي على صحيح مسلم (94/17) .

(4) سير أعلام النبلاء (351/2) .

## دەیەم

## هەرکەسێك ماڵو سامان ببەخشێت لە پێناوی خوادا

یەكێكی تر لەو كەسانەی كە مەلائیكەت دوعای بۆ دەكاتو بۆی دەپاڕێتەوە, ئەوانەن كە لە پێناوی خوادا ماڵو سامان دەبەخشن .

(1) ئیمامی (الْبُخَارِيّ وَمُسْلِم) گێڕاویانەتەوە لە (أَبُو هُرَيْرَةَ رضي الله عنه)وە كە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: « مَا مِنْ يَوْمٍ يُصْبِحُ الْعِبَادُ فِيهِ إِلاَّ مَلَكَانِ يَنْزِلاَنِ فَيَقُولُ أَحَدُهُمَا اللَّهُمَّ أَعْطِ مُنْفِقًا خَلَفًا ، وَيَقُولُ الآخَرُ اللَّهُمَّ أَعْطِ مُمْسِكًا تَلَفًا »[1] واتە: هیچ ڕۆژێ نییە كە بەندەكان ڕۆژیان لێ دەبێتەوە, دوو مەلائیكەت دێنە خوارەوە, یەكێكیان دەفەرمووێ: خوادیە ببەخشە بەو كەسەی كە دەبەخشێت لەبەر خاتری تۆ وە جێگای ئەوەشی بۆ پڕ بكەرەوە كەبەخشیوێتی, ئەوەی تریان دەڵێت: ئەی خوایە ئەوكەسەی دەستی گرتۆتەوەو نابەخشێتو چروكە ماڵەكەی لێ بگرەوەو لەناوی بەرە.

(2) ئیمامی (أحمد) گێڕاویەتیەوە لە (أَبُو الدَّرْدَاءِ رضي الله عنه) وە كە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: « مَا طَلَعَتْ شَمْسٌ قَطُّ إِلاَّ بُعِثَ بِجَنْبَتَيْهَا مَلَكَانِ يُنَادِيَانِ يُسْمِعَانِ أَهْلَ الأَرْضِ إِلاَّ الثَّقَلَيْنِ يَا أَيُّهَا النَّاسُ! هَلُمُّوا إِلَى رَبِّكُمْ فَإِنَّ مَا قَلَّ وَكَفَى خَيْرٌ مِمَّا كَثُرَ وَأَلْهَى, وَلاَ آبَتْ شَمْسٌ قَطُّ إِلاَّ بُعِثَ بِجَنْبَتَيْهَا مَلَكَانِ يُنَادِيَانِ يُسْمِعَانِ أَهْلَ الأَرْضِ إِلاَّ الثَّقَلَيْنِ اللَّهُمَّ أَعْطِ

---

([1]) رواه البخاري كتاب الزكاة(1142) ومسلم كتاب الزكاة (1010) .

مُنْفِقاً خَلَفاً وَأَعْطِ مُمْسِكاً مَالاً تَلَفاً »[1] واته: هیچ ڕۆژێ نییه كه خۆری تێیدا هەڵ هاتبێ ئیللا له تەنیشتیدا دوو مەلائیكەت نێردراوەو بانگ دەكەن, جا هەرچی لەسەر زەوییە گوێیان لەو بانگه دەبێت, جگەله مرۆڤ و جن, دەفەرموون: ئەی خەڵكینە! وەرە بۆلای پەروەردگارت, چونكه بەڕاستی ....

, وه هیچ ڕۆژێك خۆری تێدا نەگەڕاوەتەوە ئیللا لەتەنیشتیدا دوو مەلائیكەت نێردراوەو بانگ دەكەن, جا هەرچی لەسەر زەوییە گوێیان لەو بانگه دەبێت, جگەله مرۆڤ و جن, دەفەرموون: خودایه خوادیه ببەخشه بەو كەسەی كه دەبەخشێت لەبەر خاتری تۆ وه جێگای ئەوەشی بۆ پڕ بكەرەوە كه بەخشیوێتی, وه ئەوكەسەی دەستی گرتۆتەوەو نابەخشێتو چروكه ماڵەكەی لێ بگرەوەو لەناوی بەرە.

---

([1]) رواه احمد (22353) و ابن حبان (3329) والحاكم (445) وصححه الشيخ الالباني في الصحيحة(443) وفي الترغيب والترهيب (1706) .

# پانزەیەم
## هەركەسێك بەڕۆژوو بێتو پارشێو بكات

یەكێكی تر لەو كەسانەی كە مەلائیكەت دوعای بۆ دەكاتو بۆی دەپاڕێتەوە, ئەوانەن كە پارشێوان هەڵ دەستنو بەڕۆژوو دەبن .

(1) ئیمامی (ابْنُ حِبَّانَ) گێڕاویەتیەوە لە (ابْنُ عُمَرَ رضي الله عنهما) وە كە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: « إِنَّ اللَّه وَمَلاَئِكَتَهُ يُصَلُّونَ عَلَى الْمُتَسَحِّرِين »[1] واتە: بەڕاستی خوای پەروەردگار لای مەلائیكەتەكان مەدحی ئەوكەسانە دەكات كە پارشێوان هەڵ دەستن بۆ بەڕۆژوو بوون، وە مەلائیكەتەكانیش داوای لێخۆش بوونیان بۆ دەكەنو بۆیان دە پاڕێنەوە.

وە ئیمامی (ابْنُ حِبَّانَ) باسێكی داناوە لە صحیحەكەیدا بەناوی لێخۆشبوونی خوای پەروەردگار وە دوعاو پاڕانەوەی مەلائیكەتەكان بۆ ئەوانەی پارشێوان دەكەن[2].

(2) ئیمامی (أحمد) گێڕاویەتیەوە لە (أَبُو سَعِيدٍ الْخُدْرِيُّ رضي الله عنه) وە كە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: « السُّحُورُ أَكْلُهُ بَرَكَةٌ فَلاَ تَدَعُوهُ وَلَوْ أَنْ يَجْرَعَ أَحَدُكُمْ جَرْعَةً مِنْ مَاءٍ فَإِنَّ اللَّهَ وَمَلاَئِكَتَهُ يُصَلُّونَ عَلَى الْمُتَسَحِّرِينَ »[3]

---

(1) رواه ابن حبان (3467) والطبرانى, وصححه الشيخ الالباني في صحيح الترغيب والترهيب (519) .

(2) الإحسان في تقريب صحيح ابن حبان (8/245) .

(3) رواه احمد (11706) وصححه الشيخ الالباني في صحيح الترغيب والترهيب (1070) .

واتە: پارشێو كردن خواردنێكی بەبەرەكەتە, نەكەن لە دەستی بدەن, ئەگەر تەنها بە خواردنەوەی قومێك ئاویش بو بێت, چونكە بەڕاستی خوای پەروەردگار لای مەلائیكەتەكان مەدحی ئەوكەسانە دەكات كە پارشێوان هەڵ دەستن بۆ بەرۆژوو بوون، وە مەلائیكەتەكانیش داوای لێخۆش بوونیان بۆ دەكەن و بۆیان دە پاڕێنەوە.

## دوانزەیەم

## پاڕانەوەی میوانێكی بەڕۆژوو بۆ خاوەن ماڵ

یەكێكی تر لەو كەسانەی كە مەلائیكەت دوعای بۆ دەكات و بۆی دەپاڕێتەوە, ئەوانەن كە خواردن و بەربانگ بۆ ڕۆژووان ئامادە دەكەن .

ئیمامی (أَحمَد) گێڕاویەتیەوە لە (سَعْدِ بْنِ عُبَادَةَ رضي الله عنه) وە كە فەرموویەتی: ئەگەر پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) بەربانگی لەلای هەركەسێك بكردایەتەوە ئەوا دەیفەرموو: « أَكَلَ طَعَامَكُمُ الأَبْرَارُ وَصَلَّتْ عَلَيْكُمُ الْمَلاَئِكَةُ وَأَفْطَرَ عِنْدَكُمُ الصَّائِمُونَ »[1] واتە: پیاو چاكان خواردنتان بخۆن, وە مەلائیكەتەكان بۆتان بپاڕێنەوە, وە ڕۆژووانیش لەلاتان بەربانگ بكات[2].

---

([1]) رواه أحمد (12741) و ابو داود(3856) ابن ماجة(1747) وصححه الشيخ الالباني في صحيح سنن أبي داود(3854) .

([2]) ئەم فەرموودەیەم داناوە لە جێی فەرموودەی دانەر, چونكە ئەو فەرموودەیەی دانەر دای نابوو (ضعیف) لاواز بوو. **وەرگێر** .

## سیانزەیەم
## هەرکەسێك سەردانی نەخۆش بکات

یەکێکی تر لەو سەرفرازو بەختەوەرانەی کە مەلائیکەتەکان بۆی دەپاڕێنەوەو دوعای بۆدەکەن, ئەوانەن کە سەردانی نەخۆشی موسڵمانان دەکەنو بەسەریان دەکەنەوە .

(1) ئیمامی (أحمد) گێڕاویەتیەوە لە (عَليّ رضي الله عنه) وە کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: « مَا مِنْ مُسْلِمٍ عَادَ أَخَاهُ إِلاَّ ابْتَعَثَ اللَّهُ لَهُ سَبْعِينَ أَلْفَ مَلَكٍ يُصَلُّونَ عَلَيْهِ مِنْ أَيِّ سَاعَاتِ النَّهَارِ كَانَ حَتَّى يُمْسِيَ وَمِنْ أَيِّ سَاعَاتِ اللَّيْلِ كَانَ حَتَّى يُصْبِحَ »[1] واتە: هیچ موسڵمانێك نییە کە سەردانی برایەکی موسڵمانی بکات کە نەخۆش بێت, ئیللا خوای پەروەردگار حەفتا هەزار مەلائیکەت دەنێرێت دووعای خێری بۆ دەکەنو بۆی بپاڕێنەوە, ئنجا لە هەر کاتێکی ڕۆژدا بێت تاوەکو شەو دادێ, یان لە هەر کاتێکی شەودابێت تاوەکو ڕۆژ دادێ.

(2) ئیمامی (أحمد) گێڕاویەتیەوە لە (عَليّ رضي الله عنه) وە کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: « مَا مِنْ مُسْلِم يَعُود مُسْلِمًا غَدْوَة إِلاَّ صَلَّى عَلَيْهِ سَبْعُونَ أَلْف مَلَك حَتَّى يُمْسِي وَإِنْ عَادَ عَشِيَّة إِلاَّ صَلَّى عَلَيْهِ سَبْعُونَ أَلْف مَلَك حَتَّى يُصْبِح وَكَانَ لَهُ خَرِيف فِي الْجَنَّة »[2] واتە: هیچ موسڵمانێك نییە کە سەردانی موسڵمانێکی نەخۆش بکات لە بەیانیدا ئیللا

---

([1]) رواه احمد (765) وابن حبان (2947) وصححه الشيخ الالباني في صحيح الترغيب والترهيب (3476) .

([2]) رواه احمد (975) والترمذي (969) وصححه الشيخ الالباني في صحيح الجامع (5767) .

حەفتا هەزار مەلائیکەت بۆی دەپاڕێنەوەو داوای لێخۆش بوونی بۆ دەکەن تاکو ئێوەرە، وە ئەگەر لە ئێوادا سەردانی بکات ئەوا حەفتا هەزار مەلائیکەت بۆی دەپاڕێنەوەو داوای لێخۆش بوونی بۆ دەکەن تاکو بەیانی، وە باخێکی لە بەهەشتدا پێدەبەخشرێت.

## چواردەیەم

## هەرکەسێك قسەی خێر بکات لەسەر نەخۆش یان لەسەر مردوو

یەکێکی تر لەو سەرفرازو بەختەوەرانەی کە مەلائیکەتەکان بۆی دەپاڕێنەوەو دوعای بۆدەکەن, ئەوانەن کە قسەی خێر لەلای نەخۆش یان مردوو دەکەن .

ئیمامی (مُسلِم) گێڕاویەتیەوە لە (أُمُّ سَلَمَةَ رضي الله عنها)وە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: « إِذَا حَضَرْتُمُ الْمَرِيضَ أَوِ الْمَيِّتَ فَقُولُوا خَيْرًا فَإِنَّ الْمَلاَئِكَةَ يُؤَمِّنُونَ عَلَى مَا تَقُولُونَ »[1] واتە: کاتێك کە دەچن بۆلای نەخۆش یان بۆلای مردوو ئەوا قسەی خێرو باش بکەن, چونکە هەرچی ئێوە بیلێن مەلائیکەتەکان ئامینی لەسەر دەکەن .

---

(1) رواه مسلم (2168) وواحمد (27254) والترمذي (993) .

# پانزەیەم

## هەرکەسێك خەڵكی فێری كاری خێرو چاك بكات

یەكێكی تر لەوانەی كە مەلائیكەتەكان بۆی دەپاڕێنەوەو دوعای بۆدەكەن, ئەوانەن كە خەڵكی فێری كاری خێرو باشو چاك دەكەن .

ئیمامی (التِّرْمِذِيّ) گێڕاویەتیەوە لە (أَبُو أُمَامَةَ ﵁)وە كە فەرمووی: باسی دوو پیاوكرا بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) یەكێكیان خواپەرستو ئەوەتریشیان زانا, وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: « فَضْلُ الْعَالِمِ عَلَى الْعَابِدِ كَفَضْلِي عَلَى أَدْنَاكُمْ » ثُمَّ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) « إِنَّ اللَّهَ وَمَلاَئِكَتَهُ وَأَهْلَ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضِ حَتَّى النَّمْلَةَ فِي جُحْرِهَا وَحَتَّى الْحُوتَ لَيُصَلُّونَ عَلَى مُعَلِّمِ النَّاسِ الْخَيْرَ »[1] واتە: فەزڵو پلەو پایەی زانا بەسەر خوا پەرستەوە, وەك فەزڵی من وایە بەسەر نزمترین كەس لەئێوە, پاشان پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: خوای گەورەو باسی زاناكان دەكات بەچاكە لەلای مەلائیكەتەكان, وە مەلائیكەتەكانو ئەوەی لە ئاسمانەكاندایەو ئەوەی لە زەوییەكاندایەو تەنانەت مێرولەش لە ناو كونەكەیدا وە حوتیش داوای ڕەحمەتو لێخۆش بوون بۆ ئەو كەسە دەكەن كە خەڵك فێری خێرو چاكە دەكات .

---

([1]) رواه الترمذي (2825) وصححه الشيخ الالباني في صحيح سنن الترمذي(2685) وفي صحيح الجامع (4213) .

## شانزدەیەم

## هەرکەسێك تەوبە بکاتو بگەڕێتەوە بۆ لای خوای گەورە

یەکێکی تر لەو سەرفرازو بەختەوەرانەی کە مەلائیکەتەکان بۆی دەپاڕێنەوەو دوعای بۆدەکەن, ئەوانەن کە تەوبە دەکەنو دەگەڕێنەوە بۆ لای خوای گەورە .خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿ٱلَّذِينَ يَحۡمِلُونَ ٱلۡعَرۡشَ وَمَنۡ حَوۡلَهُۥ يُسَبِّحُونَ بِحَمۡدِ رَبِّهِمۡ وَيُؤۡمِنُونَ بِهِۦ وَيَسۡتَغۡفِرُونَ لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ رَبَّنَا وَسِعۡتَ كُلَّ شَيۡءٖ رَّحۡمَةٗ وَعِلۡمٗا فَٱغۡفِرۡ لِلَّذِينَ تَابُواْ وَٱتَّبَعُواْ سَبِيلَكَ وَقِهِمۡ عَذَابَ ٱلۡجَحِيمِ ٧ رَبَّنَا وَأَدۡخِلۡهُمۡ جَنَّٰتِ عَدۡنٍ ٱلَّتِي وَعَدتَّهُمۡ وَمَن صَلَحَ مِنۡ ءَابَآئِهِمۡ وَأَزۡوَٰجِهِمۡ وَذُرِّيَّٰتِهِمۡۚ إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ٨ وَقِهِمُ ٱلسَّيِّـَٔاتِۚ وَمَن تَقِ ٱلسَّيِّـَٔاتِ يَوۡمَئِذٖ فَقَدۡ رَحِمۡتَهُۥۚ وَذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ٩﴾ [غافر: ٧ - 9] واتە: ئەو مەلائیکەتانەی کە عەرشی خوای پەروەردگار هەڵ دەگرن, وە ئەوانەش کە لە دەورینو تەسبیحاتو ستایشو سوپاسی خوای پەروەردگار دەکەن, ئیمانو باوەڕی زۆر بەهێزو دامەزراویان پێیەتی, وە دوای لێخۆشبوون دەکەن بۆ ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوەو دەڵێن: پەروەردگارا ڕەحمەتو میهرەبانی تۆ زانستو زانیاری تۆ هەموو شتێکی پێ گرتۆتەوە, خۆشببە لەوانەی کە تەوبەیان کردووەو لە گوناهەکانیان پەشیمانو شوێن بەرنامەو ڕێبازی تۆ دەکەون, وە لە ئاگری دۆزەخیش بیان پارێزە. پەروەردگارا بیان خەرە ئەو باخو باخاتەی بەهشتەوە کە بەڵێنت پێداون, هاوڕێ

لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە چاکە خوازن, لە باوكو دایكو هاوسەرانو نەوەکانیان, بەڕاستی هەر تۆ خوایەکی باڵا دەستو دانایت, وە لە تۆڵەی هەموو گوناهەکان بیان پارێزە, وە هەرکەسێك لە تۆڵەی گوناهەکان بپارێزیت لە ڕۆژی دوایدا, ئەوە بەڕاستی تۆ ڕەحمت پێکردووە, هەر ئەوەشە سەر فرازیو سەرکەوتنی گەورەو بێ سنوور .

## چەند ڕوونکردنەوەیەك لەم ئایەتانە خوای پەروەردگار باسی:

**یەکەم:** ئەو مەلائیکەتانەی کە لەم ئایەتەدا باسکراون ( **هەڵگری عەرشی خوای گەورەن و ئەوانەی لە دەورین** ) دەپارێنەوە بۆ باوەڕداران ئەوانە بەڕێز ترینی مەلائیکەتەکانن, وەك ئیمامی (الْقُرْطُبِيّ) ووتوویەتی[1] .

هەروەها زانای پایە بەرز شێخ (السَّعْدِي) ووتوویەتی: ئەو مەلائیکەتانەی کە خوای گەورە هەڵگرتنی عەرشی گەورەی پێسپاردوون, هیچ گومانێکی تێدانییە کە لە گەورەترینو بەهێز ترینی مەلائیکەتەکانن, وە خوای گەورە ئەو کارەی پێسپاردوون, بۆیە باسکردنیان بەوەی کە نزیکن لە خوای گەورەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە چاکترینو جۆری مەلائیکەتن[2] .

**دووەم:** بەدڵنیایی ئەوانەی کە دوعاو پاڕانەوەی ئەم مەلائیکەتانەیان بۆ گیرا دەبێت, بە سێ شێوە وەسف کراون, ئەوانیش:

---

([1]) تفسير القرطبي (294/15) .

([2]) تفسير السعدي (800) .

(1) **باوەڕداران**. چونكە خوای پەروەردگار لە ئایەتەكەدا دەفەرموویت: ﴿وَيَسْتَغْفِرُونَ لِلَّذِينَ ءَامَنُوا﴾ زانای پایە بەرز شێخ (السَّعْدِي) لە تەفسیرەكەیدا ووتوویەتی: ئەمە سودو بەروبومی باوەڕو ئیمانەو فەزڵی زۆری هەیە, چونكە ئەو مەلائیكەتانەی ئیمانو باوەڕی زۆر بەهێزو دامەزراویان بە خوای گەورە هێناوەو هیچ تاوانو گوناهێكیان نیە, ئەوان بۆ ئەهلی ئیمانو باوەڕدار دەپاڕێنەوەو دوای لێخۆش بوونیان بۆ دەكەن لەلای خوای گەورە, كەواتە باوەڕدار بەهۆی باوەڕهێنانیەوە ئەم فەزڵو شانازییە بە دەست دەهێنێت[1].

(2) **تەوبەكاران**. چونكە خوای پەروەردگار دەفەرموویت: ﴿فَٱغْفِرْ لِلَّذِينَ تَابُوا﴾ ئەوانەی كە لە هاوبەش بڕیاردانو گوناه و تاوان تەو بە دەكەن[2].

(3) **شوێن كەوتەی بەرنامەو ڕێبازی خوا**. چونكە خوای پەروەردگار دەفەرموویت: ﴿تَابُوا وَٱتَّبَعُوا سَبِيلَكَ﴾ واتە: ئایینی ئیسلام[3].

**سێیەم:** ئەو مەلائیكەتانە داوای پێچ شتیان لە خوای پەروەردگار كردووە بۆ باوەڕداران, ئەوانیش:

(1) **لێخۆش بوونی تاوان**. چونكە خوای پەروەردگار دەفەرموویت: ﴿وَيَسْتَغْفِرُونَ

---

([1]) تفسير السعدي (800) .

([2]) تفسير القرطبي (295/14) و تفسير السعدي (801) .

([3]) تفسير القرطبي (295/15) و تفسير البغوي (93/4) وزاد المسير (209/7) وفتح القدير (608/4) .

﴿لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ﴾ واتە: دوای لێخۆشبوون دەکەن بۆ ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە.

هەروەها دەفەرمووێ: ﴿فَٱغۡفِرۡ لِلَّذِينَ تَابُواْ وَٱتَّبَعُواْ سَبِيلَكَ﴾ خۆشببە لەوانەی کە تەوبەیان کردووەو لە گوناهەکانیان پەشیمانن .

(2) **پاراستن لە ئـاگری دۆزەخ**. چونکە خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿وَقِهِمۡ عَذَابَ ٱلۡجَحِيمِ﴾ واتە: وە لە ئاگری دۆزەخیش بیان پارێزە .

(3) **خستنە ناو باخو باخاتی بەهەشتی بەڵێن پێدراوا لە گەڵ باوكو دایكو هاوسەرانو نەوەكانیان**. چونکە خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿رَبَّنَا وَأَدۡخِلۡهُمۡ جَنَّٰتِ عَدۡنٍ ٱلَّتِي وَعَدتَّهُمۡ وَمَن صَلَحَ مِنۡ ءَابَآئِهِمۡ وَأَزۡوَٰجِهِمۡ وَذُرِّيَّٰتِهِمۡۚ﴾ واتە: پەروەردگارا بیان خەرە ئەو باخو باخاتەی بەهەشتەوە کە بەڵێنت پێداون, وە لە گەڵ باوكو دایكو هاوسەرانو نەوەكانیان .

(4) **پاراستنیان لە تۆڵەی هەموو گوناهەكان**. چونکە خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿وَقِهِمُ ٱلسَّيِّـَٔاتِۚ وَمَن تَقِ ٱلسَّيِّـَٔاتِ يَوۡمَئِذٖ فَقَدۡ رَحِمۡتَهُۥۚ﴾ واتە: پەروەردگارا وە لە تۆڵەی هەموو گوناهەكان بیان پارێزە, چونکە تۆ هەركەسێ لە تۆڵەی گوناهەكان بپارێزیت لە ڕۆژی دوایدا, ئەوە بەڕاستی ڕەحمت پێكردووە[1].

---

[1] تفسير ابن كثير (76/4) وفتح القدير (687/4) و تفسير السعدي (801) .

## چوارەم: ووتەی سەلەفی ئەم ئوممەتە سەبارەت بەم ئایەتـەو دوعـاو پاڕانـەوەی مەلائیکەتەکان.

(1) (يَحْيَى بْنُ مُعَاذٍ الرَّازِيّ) بە دۆستو هاوەڵەکانی دەفەرموو: لە مانای ئەم ئایەتـە تێبگەنو بیری لێ بکەنەوە, چونکە بەڕاستی ئەگـەر مەلائیکـەتێك لـە خـوای گـەورە بپاڕێتەوە لە باوەڕداران خۆش ببێت, ئەوا خوای گەورە لێیان خۆش دەبێت, چجای هەموو مەلائیکەتەکانو هەڵگرانی عەرشی خوای گەورە بۆت بپاڕێنەوە[1].

(2) (خَلَفُ بْنُ هِشَامِ الْبَزَّار) فـەرمووی: قورئـانم بەسـەر (سُلَيْمِ بنُ عِيسَى) خوێنـد, کاتێـك گەیشـتمە ﴿وَيَسْتَغْفِرُونَ لِلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾ دەسـتی کـرد بـەگریان, پاشـان فـەرمووی: ئـەی خەلـەف! بـاوەڕدار چـەندە بـەڕێزە لـەلای خـوای گـەورە, لەسـەر جێگاکەی خەوتووەو مەلائیکەتەکان داوای لێخۆش بوونی بۆ دەکەن[2].

(3) (مُطْرِّفُ بنُ الشَّخِّير) فــەرمووی: زانیومانــەو بۆمــان ڕوون بووەتــەوە کــە دڵسـۆزترین دروسـتکراو لـە دروسـتکراوەکانی خـوای گـەورەدا مەلائیکەتـەکانن, وە ناپاکترینو فێڵبازترین دروستکراو لە دروستکراوەکانی خوای گەورەدا شـەیتانەکانن, پاشان ئەو ئایەتەی سوڕەتی غافری خوێندەوە[3].

---

([1]) تفسير القرطبي (295/15) .

([2]) تفسير القرطبي (295/15) .

([3]) تفسير القرطبي (295/15) و تفسير البغوي (93/4) وتفسير ابن كثير (76/4) .

## حەفدەیەم

## دوعاو پاڕانەوەی مەلائیکەتەکان بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ)

بێگومان وە بە دڵنیایی بەختەوەر ترین بەندەی خوای پەروەردگار, وە بەرز ترینیان لە پلەو پایەدا, وە بەڕێزترینیان, وە خێرترینیان, کە مەلائیکەتەکان دوعای بۆ دەکەن و داوای پلەو پایەی بەرزی بۆ دەکەن لەلای خوای پەروەردگار, پێغەمبەری خوایە (ﷺ) خوای پەروەردگار دەفەرموویت: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ وَمَلَٰٓئِكَتَهُۥ يُصَلُّونَ عَلَى ٱلنَّبِيِّ ۚ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ صَلُّوا۟ عَلَيْهِ وَسَلِّمُوا۟ تَسْلِيمًا ﴿٥٦﴾ ﴾ [الاحزاب: 56] واتە: بەڕاستی خوای گەورە ڕەحمو بەزەیی خۆی دەڕێژێت بەسەر پێغەمبەری خوادا (ﷺ) وە مەلائیکەتەکان داوای پلەو پایەی بەرزی بۆ دەکەن لەلای خوای گەورە, ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە ئێوەش سەڵاوات و سەلامی لەسەر بدەن.

ئیمامی (اِبْنُ كَثِير) لە تەفسیرەکەیدا فەرموویەتی: مەبەست لەم ئایەتەدا ئەوەیە کە خوای گەورە بۆ بەندەکانی ڕوونکردۆتەوەو هەواڵی پێداون بەوەی کە پێغەمبەرەکەی (ﷺ) پلەو پایەی زۆر بەرزو بێ سنوری هەیە, بۆیە لەلای مەلائیکەتە نزیکەکانی مەدحی دەکات, وە مەلائیکەتەکانیش داوای پلەو پایەی بەرزو بێ سنوری بۆ دەکەن, پاشان خوای گەورە فەرمان بە هەموو جیهان دەکات بەوەی کە صەڵاواتی لەسەر بدەن[1] ڕوونکردنەوە

---

([1]) تفسير ابن كثير (3/557) تفسير السعدي (731) .

**یەکـــەم:** لەســـەرەتای ئایەتەکـەدا خـوای پـــەروەردگار دەفـــەرموویێت: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ وَمَلَٰٓئِكَتَهُۥ ﴾ وە ئەمەش (جُمْلَةٌ اِسْمِيَّة) بۆ بەردەوامی دەبێـت, هـەروەها ئایـەتی ﴿ يُصَلُّونَ عَلَى ٱلنَّبِيِّۚ ﴾ (جُمْلَةٌ فِعْلِيَّة) بۆ تازەکردنەوەو نـوێ بوونـەوە دەبێـت (واتـە: هـەر کاتێـك صـەڵاواتان لەسـەر پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) دەسـت هەڵمـەگرن لەسـەر صەڵاواتدان, بەڵکو هەموو کاتێك دووبارەی بکەنەوەو بیڵێنەوە)[1].

**دووەم:** ئـەم ئایەتـە بـە ئـامرازی دڵنیـایی دەسـتی پێکـردووە کـە ئـەویش (إِنَّ) وە سودەکەشی ئەوەیە بۆ گرنگی هەواڵو باسەکەیە, وە هیچ گومانێك لـەوەدا نیـە کـە فەرمایشتەکانی خـوای پـەروەردگار هـەمووی حـەقو ڕاسـتن ئەگەرچـی بـە ئـامرازی دڵنیایی دەستی پێ نەکردبێتو یان تێیدا نەبێت, چجای کە تێیدا بێت[2].

**سـێیەم:** وەصـفی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) بـە ﴿ ٱلنَّبِيِّ ﴾ لـە جیـاتی ﴿ مُّحَمَّدٌ ﴾, ئەمیش بەڵگەیە لەسەر پایە بەرزیو شکۆمەندی پێغەمبەری خوا (ﷺ)[3].

**چوارەم:** مەلائیکەت (إِضَافَة) کراوە بـۆ لای خـوای گـەورە لـە کـاتی صـەڵاواتدانیاندا لەسـەر پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) ئـەویش بـۆ (الإِسْتِغْرَاق) ... وە خـوای گـەورە دەفـەرموویێت: ﴿ وَمَلَٰٓئِكَتَهُۥ ﴾ نەیفـەرموو: ﴿ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ ﴾ لەگـەڵ ئـەوەی کـە

---

([1]) روح المعاني (75/22) .
([2]) روح المعاني (76/22) .
([3]) روح المعاني (76/22) .

هەموو مەلائیکەتەکان بەڕێزو گەورەو پایە بەرزو شکۆ مەندن, ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەرچی بەڕێزو شکۆ مەندو گەورەو پیرۆز بێت, ئەوا دەدرێتە پاڵ گەورەو بەڕێزو شکۆ مەند[1]

**پێنجەم:** پایە بەرزی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەوەی کە هەموو ئەو مەلائیکەتانە صەڵاواتی لەسەر ئەدەن, وە ئەمیش هیچ کەسێك ناتوانێت ژمارەی ئەو صلاواتانە بژمێرێت جگە لە خوای گەورە, ئەمەش گەورەترین پایەو ڕێزە بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ)[2].

**سوپاس بۆ خوای پەروەردگار کە یارمەتی دام ئەم باسەیانم وەرگێڕاو تەواو بووم و کۆتای هات بەبەشی یەکەم .**

## باسی دووەم

## کێن ئەوانەی مەلائیکەت نەفەرەتیان لیٚ دەکات

کەسانێك هەن بەد بەختو چارە ڕەشن مەلائیکەتەکان نەفرەتیان لیٚ دەکەنو دوعایان لیٚ دەکەن, وە خوای پەروەردگارو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) باسی کەسانێکیان بۆ کردووین کە دوورن لە ڕەحمو بەزەیی, ئەوانیش:

(1) هەرکەسێك جوێن بە هاوەڵەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) .

---

([1]) روح المعاني (76/22) .

([2]) روح المعاني (76/22) .

(2) هەركەسێك لە مەدینە تاوانو بیدعە ئەنجام بدات .

(3) هەركەسێك خەڵكی مەدینە بترسێنێت یان ستەمیان لێ بكات.

(4) هەركەسێك ناوو نەژادو ڕەچەڵەكی خۆی بداتە پاڵ جگە لە باوكی.

(5) هەركەسێك پەیمانو بەڵێن بشكێنێت .

(6) هەركەسێك لە خێرو بەخشینی ماڵیدا چروكو ڕەزیل بێت .

(7) ئەو سێ جۆرە كەسەی كە جبرل دوعای لێكردوون .

(8) هەركەسێك بە چەكەكەی یان بە ئاسن ئاماژە بۆ موسڵمانێك بكات .

(9) هەركەسێك ببێتە بەربەست لە نێوان خاوەنی كوژراوێكو تۆڵەسەندنەوەی بكوژێكدا .

(10) ئەو ئافرەتانەی جێگای پیاوەكەی جێدهێڵێت .

(11) هەركەسێك بێ باوەڕبێتو بەوشێوەیەش بمرێت.

(12) هەركەسێك لە پاش باوەڕهێنان بێ باوەڕبێتەوە .

**بە پشتیوانی خوای پەروەردگار باسی هەموو ئەمانە دەكەین بە بەڵگەوە .**

## یەكەم

## هەركەسێك جوێن بە هاوەڵەكانی پێغەمبەری خوا (ﷺ)

یەكێك لەو كەسانەی كە مەلائیكەتەكان نەفرەتی لێ دەكەنو دوعای لێ دەكەن, ئەوانەن كە جنێو بە هاوەڵەكانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەدەن.

(1) ئیمامی (الطَّبَرَانِيّ) گێڕاویەتیەوە لە (إِبْنُ عَبَّاس رضي الله عنهما)وە كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: « مَنْ سَبَّ أَصْحَابِي فَعَلَيْهِ لَعْنَةُ اللَّهِ وَالْمَلائِكَةِ, وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ

»[1] واتە: هەرکەسێك جوێن بە هاوەڵانم بدات ئەوا نـەفرەتی خـواو مەلائیکەتـەکانو هەموو خەڵکی لەسەر بێت. وە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) ڕێگـری کـردووە لـەوەی کـە جوێن بە هاوەڵەکانی بدرێت .

(2) ئیمامی (الطَّبَرَانِيّ) گێڕاویەتیەوە لە (ابْنُ عُمَرَ رضي الله عنهما)وە کە پێغەمبەری خـوا (ﷺ) فەرموویەتی: « لَعَنَ اللَّهُ مَنْ سَبَّ أَصْحَابِي »[2] واتە: نەفرینی خوا لـەو کەسـە بێـت کە جوێن بە هاوەڵەکانم ئەدات .

(2) ئیمـامی (البُخاريّ ومُسْلِم) گێڕاویانەتـەوە لـە (أَبُو سَعِيدٍ الْخُدْرِيُّ رضي الله عنه) وە کـە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: « لاَ تَسُبُّوا أَصْحَابِى ، فَلَوْ أَنَّ أَحَدَكُمْ أَنْفَقَ مِثْلَ أُحُدٍ ذَهَبًا مَا بَلَغَ مُدَّ أَحَدِهِمْ وَلاَ نَصِيفَهُ »[3] واتـە: جـوێن بـە هاوەڵـەکانم مـەدەن, چونکە بەڕاستی ئەگەر یەکێك لە ئێوە بـە ئەنـدازەی کێـوی ئوحـود زێڕ ببەخشـێت ئەوا هێشتا ناگات بە مشتێکی ئەوان, بەڵکو ناگات بە نیو مشتیشیان .

---

([1]) رواه الطبراني في الكبير (12709) وصححه الشيخ الالباني في السلسلة الصحيحة(2340) وفي صحيح الجامع (6285) .

([2]) رواه الطبراني في الكبير (13412) وصححه الشيخ الالباني في صحيح الجامع (5111) .

([3]) رواه البخاري (3673) ومسلم (6651) .

## دووەم

## هەرکەسێك لە مەدینە تاوانو بیدعە ئەنجام بدات

یەکێکی تر لەو کەسانەی کە بەدبەختو چارە ڕەشنو مەلائیکەتەکان نەفرەتی لێ دەکەنو دوعای لێ دەکەن, ئەوانەن کە لە شاری مەدینەدا تاوان ئەنجام دەدەن یان شتی داهێنراو زیاد دەکەن کە لەدیندا نیە .

ئیمامی (البُخَاريّ) گێڕاویەتیەوە لە (عَليّ‌ﷺ) وە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: « الْمَدِينَةُ حَرَامٌ, مَا بَيْنَ عَائِرٍ إِلَى ثَور، فَمَنْ أَحْدَثَ حَدَثًا، أَوْ آوَى مُحْدِثًا، فَعَلَيْهِ لَعْنَةُ اللَّهِ وَالْمَلاَئِكَةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ، لاَ يُقْبَلُ مِنْهُ عَدْلٌ وَلاَ صَرْفٌ »[1]

واتە: شاری مەدینە حەرامە تاوانو بیدعەی تێدا ئەنجام بدرێت لە نێوان شاخی عیر تاکو شاخی پور، بۆیە هەرکەسێك تاوان یان بیدعەی تێدا ئەنجام بدات، وە یان پەنای تاوانبار یاخود بیدعەچی تێدا بدات, ئەوا نەفرەتی خوای گەورەو مەلائیکەتەکانو هەموو خەڵکی لێ بێت، وەخوای گەورە نە تۆبەو نە چاکەو نەهیچ بەرامبەری لێ وەرناگرێت.

---

([1]) رواه البخاري (3179) ومسلم (469) .

## سێیەم

## هەرکەسێك خەڵکی مەدینە بترسێنێت یان ستەمیان لێ بکات

یەکێکی تر لەو کەسانەی کە مەلائیکەتەکان نەفرەتی لێ دەکەن‌و دوعای لێ دەکەن, ئەوانەن کە خەڵکی مەدینە دەترسێنن یان زوڵم‌و ستەمیان لێ دەکەن .

(1) ئیمامی (الطَّبَرَانِيّ) گێڕاویەتیەوە لە (عُبَادَةَ بْنُ الصَّامِتِ رضي الله عنه) وە کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: « اللَّهُمَّ مَنْ ظَلَمَ أَهْلَ الْمَدِينَةِ وَأَخَافَهُمْ، فَأَخِفْهُمْ , وَعَلَيْهِ لَعْنَةُ اللَّهِ، وَالْمَلائِكَةِ، وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ، لا يَقْبَلُ اللَّهُ مِنْهُ صَرْفًا وَلا عَدْلا »[1] واتە: پەروەردگارا هەرکەسێك زوڵم‌و ستەم لە خەڵکی مەدینە دەکات یان ئەیان ترسێنێت, ئەوا تۆش ئەوانە بترسێنیت, وە نەفرەتی خوای گەورەو مەلائیکەتەکان‌و هەموو خەڵکی لێ بێت، وەخوای گەورە نە تۆبەو نە چاکەو نەهیچ بەرامبەری لێ وەرناگرێت.

(2) ئیمامی (أحمَد) گێڕاویەتیەوە لە (جَابِر رضي الله عنه) وە کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: « مَنْ أَخَافَ أَهْلَ الْمَدِينَةِ أَخَافَهُ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ وَعَلَيْهِ لَعْنَةُ اللَّهِ وَالْمَلاَئِكَةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ لاَ يَقْبَلُ اللَّهُ مِنْهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ صَرْفاً وَلاَ عَدْلاً

---

([1]) رواه الطبراني في الكبير (17016) وصححه الشيخ الالباني في السلسلة الصحيحة(2671) وفي صحيح الترغيب والترهيب (1214) .

«[1] واتـــە: هەرکەســێك خـــەڵکی مەدینـــە بترســێنێت, ئـــەوا خـــوای گـــەورە دەی ترســێنێت, وە نـــەفرەتی خـــوای گـــەورەو مەلائیکەتـــەکان و هـــەموو خـــەڵکی لێ بێت، وەخوای گەورە لە ڕۆژی دواییدا نە تۆبەو نە چاکەو نەهیچ بەرامبەری لێ وەرناگرێت.

## چواردەم

## هەرکەسێك ناوو نەژادو ڕەچەڵەکی خۆی بداتە پاڵ جگە لە باوکی

یەکێکی تر لەو کەسانەی کە مەلائیکەتەکان نەفرەتی لێ دەکەن و دوعای لێ دەکەن, ئەو کەسەیە کە نەژادو ڕەچەڵکی خۆی بداتە پاڵ جگە لە باوکی .

(1) ئیمـــامی (مُسْـلِم) گێڕاویەتیـــەوە لـــە (عَلِـيّ رضي الله عنه) وە کـــە پێغەمبـــەری خـــوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویـــەتی: « وَمَـنِ ادَّعَـى إِلَـى غَيْـرِ أَبِيـهِ أَوِ انْتَمَـى إِلَـى غَيْـرِ مَوَالِيـهِ فَعَلَيْـهِ لَعْنَـةُ اللَّـهِ وَالْمَلاَئِكَـةِ وَالنَّـاسِ أَجْمَعِـينَ لاَ يَقْبَـلُ اللَّـهُ مِنْـهُ يَـوْمَ الْقِيَامَـةِ صَـرْفًا وَلاَ عَدْلاً »[2] واتـــە: هەرکەسێك نـــاوو نـــەژادو ڕەچـــەڵەکی خـــۆی دایـــە پـــاڵ جگـــە لـــە بـــاوکی یـــان خـــۆی خستە پـــاڵ جگـــە لـــە کەســـانێکی جگـــە لـــە خاوەنـــەکانی خـــۆی, بۆیـــە نـــەفرەتی خـــوای گـــەورەو مەلائیکەتـــەکان و هـــەموو خـــەڵکی لێ بێـــت، وەخـــوای گـــەورە لـــە ڕۆژی دواییـــدا نـــە تۆبـــەو نـــە چـــاکەو هـــیچ بەرامبـــەری لێ وەرناگرێت.

---

(1) رواه احمد (12709) وصححه الشيخ الالباني في السلسلة الصحيحة(2304) .

(2) رواه مسلم (3393) .

هـەروەها پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) لـە فەرموودەیـەكی تـردا فەرموویـەتی: « مَنِ ادَّعَى إِلَى غَيْرِ أَبِيهِ، وَهُوَ يَعْلَمُ أَنَّهُ غَيْرُ أَبِيهِ، فَالْجَنَّةُ عَلَيْهِ حَرَامٌ »[1] واتـــە: هەركەسێك نـاوو نـەژادو ڕەچـەڵەكی خـۆی دایـە پـاڵ جگـە لـە بـاوكی خـۆی, وە خۆشـی بـاش دەزانێـت كـە ئـەوە بـاوكی ڕاسـتەقینەی خـۆی نیـە, ئـەوا ئـەو كەسە بەهەشتی لەسەر حەرام كراوە .

## پێنجەم
## هەركەسێك پەیمانو بەڵێن بشكێنێت

یـەكێكی تـر لـەو كەسـانەی كـە بەدبـەختو چـارە ڕەشـنو مەلائیكەتـەكان نـەفرەتی لـێ دەكـەنو دوعـای لێ دەكـەن, ئەوانـەن كـە پـەیمانو بـەڵێن دەدەنو پاشان دەی شكێنن .
ئیمـامی (البُخَارِيّ) گێڕاویەتیـەوە لـە (عَليّ ﵁) وە كـە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرموویـــەتی: «وَذِمَّةُ الْمُسْلِمِينَ وَاحِدَةٌ، يَسْعَى بِهَا أَدْنَاهُمْ, فَمَنْ أَخْفَرَ مُسْلِمًا فَعَلَيْهِ لَعْنَةُ اللَّهِ وَالْمَلاَئِكَةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ، لاَ يُقْبَلُ مِنْهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ صَرْفٌ وَلاَ عَدْلٌ»[2] واتـە: پـەیمانو بـەڵێنی موسـڵمانان یەكـەو جیـاوازی تێدانیـە, دەبێـت

---

([1]) رواه البخاري (4326) ومسلم (229) .
([2]) رواه البخاري (6755) ومسلم (3397) .

موسـڵمانان هـەموويان پابەنـدى بـن, جـا هەركەسـێك پـەيمانو بـەڵێن بشـكێنێت, ئـەوا نـەفرەتى خـواى گـەورەو مەلائيكەتـەكانو هـەموو خـەڵكى لێ بێـت، وەخـواى گـەورە لـە ڕۆژى دواييـدا نـە تۆبـەو نـە چاكەو هـيچ بەرامبـەرى لێ وەرناگرێت.

## شەشەم
## هەركەسێك لە خێرو بەخشينى ماڵيدا چروكو ڕەزيل بێت

يـەكێكى تـر لـەو كەسـانەى كـە بەدبـەختو چـارە ڕەشـنو مەلائيكەتـەكان نـەفرەتى لـێ دەكـەنو دوعـاى لێ دەكـەن, ئەوانـەن كـە لـە خێـرو بەخشـينى ماڵياندا چروكو ڕەزيلن .

(1) ئيمامى (الْبُخَارِيّ وَمُسْلِم) گێڕاويانەتـەوە لـە (أَبُو هُرَيْرَةَ رضي الله عنه)وە كـە پێغەمبـەرى خـوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموويەتـى: « مَا مِنْ يَوْمٍ يُصْبِحُ الْعِبَادُ فِيهِ إِلاَّ مَلَكَانِ يَنْزِلاَنِ فَيَقُولُ أَحَدُهُمَا اللَّهُمَّ أَعْطِ مُنْفِقًا خَلَفًا ، وَيَقُولُ الآخَرُ اللَّهُمَّ أَعْطِ مُمْسِكًا تَلَفًا »[1] واتـە: هـيچ ڕۆژێ نييـە كـە بەندەكان ڕۆژيان لێ دەبێتەوە, دوو مەلائيكەت دێنە خـوارەوە, يـەكێكيان دەفـەرمووێ: خواديە ببەخشە بەو كەسەى كە دەبەخشێت لەبەر خاترى تۆ وە جێگاى ئەوەشى بۆ پـڕ بكـەرەوە كەبەخشـيوێتى, ئـەوەى تريـان دەڵێـت: ئـەى خوايـە ئەوكەسـەى دەسـتى

---

([1]) رواه البخاري كتاب الزكاة(1142) ومسلم كتاب الزكاة (1010) .

گرتۆتەوەو نابەخشێتو چروكە ماڵەكەی لیٚ بگرەوەو لەناوی بەرە.

(2) ئیمامی (أحمد) گێڕاویەتیەوە لە (أَبُو الدَّرْدَاءِ رضي الله عنه) وە كە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: « مَا طَلَعَتْ شَمْسٌ قَطُّ إِلاَّ بُعِثَ بِجَنَبَتَيْهَا مَلَكَانِ يُنَادِيَانِ يُسْمِعَانِ أَهْلَ الأَرْضِ إِلاَّ الثَّقَلَيْنِ يَا أَيُّهَا النَّاسُ! هَلُمُّوا إِلَى رَبِّكُمْ فَإِنَّ مَا قَلَّ وَكَفَى خَيْرٌ مِمَّا كَثُرَ وَأَلْهَى, وَلاَ آبَتْ شَمْسٌ قَطُّ إِلاَّ بُعِثَ بِجَنَبَتَيْهَا مَلَكَانِ يُنَادِيَانِ يُسْمِعَانِ أَهْلَ الأَرْضِ إِلاَّ الثَّقَلَيْنِ اللَّهُمَّ أَعْطِ مُنْفِقاً خَلَفاً وَأَعْطِ مُمْسِكاً مَالاً تَلَفاً »[1] واتە: هیچ ڕۆژێ نییە كە خۆری تێیدا هەڵ هاتبیٚ ئیللا لە تەنیشتیدا دوو مەلائیكەت نێردراوەو بانگ دەكەن, جا هەرچی لەسەر زەوییە گوێیان لەو بانگە دەبێت, جگەلە مرۆڤ و جن, دەفەرموون: ئەی خەڵكینە! وەرە بۆلای پەروەردگارت, چونكە بەڕاستی ....

, وە هیچ ڕۆژێك خۆری تێدا نەگەڕاوەتەوە ئیللا لەتەنیشتیدا دوو مەلائیكەت نێردراوەو بانگ دەكەن, جا هەرچی لەسەر زەوییە گوێیان لەو بانگە دەبێت, جگەلە مرۆڤ و جن, دەفەرموون: خودایە خوادیە ببەخشە بەو كەسەی كە دەبەخشێت لەبەر خاتری تۆ وە جێگای ئەوەشی بۆ پڕ بكەرەوە كە بەخشیوێتی, وە ئەوكەسەی دەستی گرتۆتەوەو نابەخشێتو چروكە ماڵەكەی لیٚ بگرەوەو لەناوی بەرە.

---

([1]) رواه احمد (22353) و ابن حبان (3329) والحاكم (445) وصححه الشيخ الالباني في الصحيحة(443) وفي الترغيب والترهيب (1706) .

# حەوتەم
# ئەو سێ جۆرە خەڵکەی کە جبریل دوعای لێکردوون

یەکێکی تر لەو کەسانەی کە مەلائیکەتەکان نەفرەتی لێ دەکەن و دوعای لێ دەکەن, ئەو سێ جۆرە کەسەن کە جبریل دوعای لێکردن بەوەی کە دووربن لە ڕەحمو بەزەیی خوای گەورە **ئەوانیش:**

(1) کەسێك بگات بە مانگی ڕەمەزانو بەبێ هیچ هۆیەك بەڕۆژوو نەبێت .

(2) کەسێك پشت بکات لە دایك و باوکی لە کاتی بێ تواناییدا

(3) کەسێك ناوی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەلای بهێنرێتو صەڵاواتی لەسەر نەدات .

ئیمامی (ابْنُ حِبَّانَ) گێڕاویەتیەوە لە (مَالِك بْنِ الْحُوَيْرِثِ رضي الله عنه)وە کە فەرموویەتی: « صَعِدَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) الْمِنْبَرَ, فَلَمَّا رَقِيَ عَتَبَةً قَالَ آمِينَ، ثُمَّ رَقِيَ أُخْرَى فَقَالَ آمِينَ، ثُمَّ رَقِيَ عَتَبَةً ثَالِثَةً فَقَالَ آمِينَ، ثُمَّ قَالَ: أَتَانِي جِبْرِيلُ، فَقَالَ: يَا مُحَمَّدُ مَنْ أَدْرَكَ رَمَضَانَ وَلَمْ يُغْفَرْ لَهُ فَأَبْعَدَهُ اللَّهُ، فَقُلْتُ: آمِينَ، وَمَنْ أَدْرَكَ وَالِدَيْهِ أَوْ أَحَدَهُمَا فَدَخَلَ النَّارَ فَأَبْعَدَهُ اللَّهُ، فَقُلْتُ: آمِينَ قَالَ وَمَنْ ذُكِرْتَ عِنْدَهُ فَلَمْ يُصَلِّ عَلَيْكَ فَأَبْعَدَهُ اللَّهُ، قُلْتُ: آمِينَ »[1] واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕۆیشتە سەر, جا کاتێك هەنگاوی یەکەمی نا بەسەر

---

([1]) رواه ابن حبان (409) والحاكم (445) وصححه الشيخ الالباني في صحيح الترغيب والترهيب (996) .

پلیكانـــەكانی منبەرەكەیـــدا, فـــەرمووی: ئـــامین, پاشـــان هـــەنگاوی نـــا بـــۆ پلیكانەیـــەكی تـــرو فـــەرمووی: ئـــامین, پاشـــان هـــەنگاوی ســـێیەمی نـــا بۆســـەر پلیكانـــەكانو فـــەرمووی: ئـــامین, پاشـــان فـــەرمووی: جبریـــل هـــات بـــۆلام و فـــەرمووی: ئـــەی محمـــد هەركەســـێك گەیشـــت بـــە مـــانگی ڕەمـــەزان, وە خـــوای گـــەورە لێـــی خـــۆش نـــەبوو, خـــوا دوری بكـــات لـــە ڕەحمـــی خـــۆی, بڵـــێ ئـــامین, منـــیش ووتم: ئـــامین, وە هەركەســـێك دایـــك و بـــاوكی بەســـاڵا چـــووی یـــان یـــەكێكیان پشـــت گـــوێ بخـــات, ئـــەوا بچـــێتە ئـــاگرەوەو خـــوای گـــەورە دووری بخاتـــەوە لـــە ڕەحمـــی خـــۆی, بڵـــێ ئـــامین, منـــیش ووتم: ئـــامین, وە هەركەســـێك باســـی تـــۆی لـــەلا بكرێـــتو صـــەڵاواتت لەســـەر نـــەدات, ئـــەوا خـــوای گـــەورە دووری بخاتەوە لە ڕەحمی خۆی, بڵێ: ئامین, منیش ووتم: ئامین .

ئیمامی (الطِّيبِيُّ) فەرموویەتی: هۆكاری دوعا كردن لەو سێ جۆر كەسە ئەوەیە كە:

(1) صەڵاواتدان لەسەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) واتـای ڕێـز لێنـانو حورمـەت گـرتنو خۆش ویستنیەتی, جا هەركەسێك پێغەمبەری خوای (ﷺ) خۆش بوێتو ڕێـزی لـێ بگرێت, ئەوا خوای گەورە ڕێزو حورمەت بۆ ئەو كەسە دادەنێت, وە هەركەسێكیش ڕێزو حورمەتو خۆشەویستی نەبێت بۆ پێغەمبەری خـوا (ﷺ), ئـەوا خـوای گـەورە سوك و ڕسواو سەر شۆڕی دەكات .

(2) وە مـانگی ڕەمـەزان مـانگێكی گـەورەو پـیرۆزە لـەلای خـوای گـەورە, ﴿شَهۡرُ رَمَضَانَ ٱلَّذِيٓ أُنزِلَ فِيهِ ٱلۡقُرۡءَانُ هُدٗى لِّلنَّاسِ وَبَيِّنَٰتٖ مِّنَ ٱلۡهُدَىٰ وَٱلۡفُرۡقَانِ

﴾[البقرة: 185] واته: مانگی ڕەمەزان مانگێکە قورئانی تێدا نێردراوەتە خوارەوە, بۆئەوەی ببێتە ڕێنیشاندەری خەڵکی, وە چەندەها بەڵگەی ڕۆشنی تێدایە بۆ ڕێنموونیی‌و جیاکردنەوەی ڕەواو نا ڕەوا . ئنجا هەرکەسێك بە بیرو باوەڕێکی بتەوو بەهێزەوە لەرەمەزاندا بەڕۆژوو ببێت‌و چاوەڕوانی پاداشتەکەی لە خوای گەورە بکات, ئەوا خوای گەورە لە تاوانەکانی پێشووی خۆش دەبێت, وە هەرکەسێکیش بەگەورەی نەزانێت‌و ڕێز لەو مانگە پیرۆزە نەگرێت, ئەوا خوای گەورە ڕسواو سەر شۆڕی دەکات .

(3) وە هەروەها ڕێز گرتن لە دایك‌و باوك باش بوون لەگەڵیاندا فەرمانی خوای گەورەیە, ﴿ وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُ وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَـٰنًا ۚ ﴾ [الإسراء: 23] واته: پەروەردگارت بڕیاری داوە کە هیچ شتێك نەپەرستن جگە لەو, وە لەگەڵ دایك‌و باوکتاندا چاك بن, بۆیە هەرکەسێك ڕێز لە دایك‌و باوکی نەگرێت‌و چاك نەبێت لەگەڵیاندا, ئەوا خوای گەورە ڕسواو سەر شۆڕی دەکات .

## هەشتەم

## هەرکەسێك بە چەکەکەی یان بە ئاسن ئاماژە بۆ موسڵمانێك بکات

یەکێکی تر لەو کەسانەی کە بەدبەخت‌و چارە ڕەش‌و مەلائیکەتەکان نەفرەتی لێ دەکەن‌و دوعای لێ دەکەن, ئەوانەن کە ڕووی چەك یان ئاسن‌و چەقۆ لەبرای

موسڵمانیان دەكەن .

ئیمامی (مُسْلِم) گێڕاویەتیەوە لە (أَبُو هُرَيْرَةَ رضي الله عنه)وە كە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: « مَنْ أَشَارَ إِلَى أَخِيهِ بِحَدِيدَةٍ فَإِنَّ الْمَلاَئِكَةَ تَلْعَنُهُ حَتَّى وَإِنْ كَانَ أَخَاهُ لأَبِيهِ وَأُمِّهِ »[1] واتە: ئاماژە بۆ برای موسڵمانی بكات بە ئاسن, ئەوا مەلائیكەتەكان نەفرەتی لێ دەكەن, ئەگەر چی برای بێت لە باوكو دایكیەوە, ئیمامی (النَّوَوِيّ) لەشەرحی ئەم فەرموودەیەدا فەرموویەتی: ڕێگریی و قەدەغەو ترسێكی زۆر توندی تێدایە بۆئەوانەی كە ئازار بەبرای موسڵمانیان دەگەێنن, وە هەروەها ڕێگری و قەدەغەیە گشتیەو بۆ هەموو كەسێكە, جا ئەو كەسە تاوانبار بێت یان تاوان بار نەبێت, وە بۆ گاڵتەو سوعبەت بێت یان بۆ یاریكردنو خۆشی بێت, ئەوا نەفرەتی مەلائیكەتەكان بەڵگەیە بۆ حەرامو قەدەغەیی ئەو كارە[2] .

وە هۆكاری ئەم حەرامو ڕێگریی و قەدەغەیە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ڕوونی كردۆتەوە ئەویش:

ئیمامی (البُخَارِيّ) گێڕاویەتیەوە لە (أَبُو هُرَيْرَةَ رضي الله عنه)وە كە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: « لاَ يُشِيرُ أَحَدُكُمْ عَلَى أَخِيهِ بِالسِّلاَحِ، فَإِنَّهُ لاَ يَدْرِى لَعَلَّ الشَّيْطَانَ يَنْزِعُ فِي يَدِهِ، فَيَقَعُ فِي حُفْرَةٍ مِنَ النَّارِ »[3] واتە: با هیچ كەسێك لە ئێوە ڕووی چەكەكەی

---

([1]) رواه مسلم, باب النهى عن الإشارة بالسلاح إلى مسلم (6832) .

([2]) شرح النووي على صحيح مسلم (448/8) .

([3]) رواه البخاري (7072) ومسلم (6834) .

نـەكات لـە بـرای موسـڵمانی, چـونكە ئـەو نازانێـت لەوانەیـە شـەیتان لـە دەسـتی دەركاتو بیخاتە ناو دۆڵێك لە ئاگرەوە .

**دوو ڕوونكردنەوە لەم باسەدا :**

**یەكەم:** بێگومان ئەم ڕێگریی‌و قەدەغەیـەی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) بـۆ بەربەسـتو نەهێشتنی بڵاو بوونەوەی خراپەكاریی‌و تاوانە, وە ئاینی پیرۆزی ئیسلام هەموو ئـەو شتانەی قەدەغەكردووە كە سەر دەكێشن بۆ قەدەغەو حەرام .

**دووەم:** ئەگەر ڕووتێكردن‌و ئامـاژی چـەكو چـەقۆو شمشـێرو بـۆ یـاریكردن‌و گاڵتـەو سوعبەت بێت, ئەوا نەفرەتی مەلائیكەتەكانی بۆ واجب دەبێت, ئەی ئەگـەر كەسـێك موسڵمانێك ئازار بدات یان بریندار بكات یان بكوژێت؟ ئەبێت سزاكەی چۆن‌و چـی بێت .

## نۆیەم

## هەركەسێك ببێتە بەربەست لە نێوان خاوەنی كوژراوێك‌و تۆڵەسەندنەوەی بكوژێكدا

یەكێكی تر لەو كەسانەی كە مەلائیكەتەكان نەفرەتی لێ دەكەن‌و دوعای لێ دەكەن, ئەوانەن كە دەبنە بەربەست لە نێوان خاوەنی كوژراوێك‌و كوشتنەوەی بكوژێكدا .

ئیمـامی (أَبُو دَاوُدَ) گێڕاویەتیـەوە لـە (اِبْنُ عَبَّاسٍ رضي الله عنهما) كـە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرموویـەتی: « مَنْ قُتِلَ فِي عِمِّيَا أَوْ رِمِّيَا تَكُونُ بَيْـنَهُمْ بِحَجَرٍ أَوْ سَوْطٍ أَوْ بِعَصًا,

فَعَقْلُهُ عَقْلُ خطَإٍ, وَمَنْ قَتَلَ عَمْدًا فَقَوَدُ يَدِهِ فَمَنْ حَالَ بَيْنَهُ وَبَيْنَهُ فَعَلَيْهِ لَعْنَةُ اللَّهِ وَالْمَلاَئِكَةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ لاَ يُقْبَلُ مِنْهُ صَرْفٌ وَلاَ عَدْلٌ »[1] واته: هەركەسێك بە گەڕە لاوژێ یان لە ڕەمی كردن لە نێوان خۆیاندا, جا بە بەرد بێت یان بە قامچیو دار, ئەوا بری خوێنەكەی بری خوێنی هەڵەیە, وە هەركەسێك بەئەنقەست بكوژرێت, ئەوا تۆڵەی قصاصەكەی كوشتنەوەی بكوژەكەیە, كە تاوانەكە لەسەر دەستی ڕووی داوە, وە هەركەسێكیش ببێتە ڕێگرو بەربەست لە نێوان خاوەنی كوژراوەكەو تۆڵەسەندنەوەی بكوژەكەدا, ئەوا نەفرەتی خوای گەورەو مەلائیكەتەكانو هەموو خەڵكی لێ بێت, وەخوای گەورە لە ڕۆژی دواییدا نە تۆبەو نە چاكەو هیچ بەرامبەری لێ وەرناگرێت.

خوای گەورە تۆڵە سەندنەوە﴿ٱلۡقِصَاصِ﴾ی لە كوشتن داناوە بۆ ژیانەوە, دەفەرمووێت: ﴿وَلَكُمۡ فِي ٱلۡقِصَاصِ حَيَوٰةٞ يَٰٓأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ١٧٩﴾ [البقرة: 179] واته: لە كوشتنەوەدا ژیان بۆ ئێوە هەیەئەی هۆش مەندان, بەڵكو خۆتان بپارێزن .

---

(1) رواه ابوداو (491) وابن ماجة (2635) والنسائي (4789) وصححه الشيخ الالباني في صحيح الجامع (6450).

## دەیەم

## ئەو ئافرەتانەی جێگای مێردەکانییان جێدەهێڵن

یەکێکی تر لەو کەسانەی کە مەلائیکەتەکان نەفرەتی لێ دەکەن‌و دوعای لێ دەکەن, ئەو ئافرەتانەن کە جێگای مێردەکانیان جێ دەهێڵن‌و سەر جێی یان لەگەڵ ناکەن .

(1) ئیمامی (البُخَاريّ) گێڕاویەتیەوە لە (أَبُو هُرَيْرَةَ رضي الله عنه)وە کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: « إِذَا دَعَا الرَّجُلُ امْرَأَتَهُ إِلَى فِرَاشِهِ فَأَبَتْ أَنْ تَجِيءَ لَعَنَتْهَا الْمَلاَئِكَةُ حَتَّى تُصْبِحَ »[1] واتە: ئەگەر پیاو خێزانەکەی خۆی بانگ کرد بۆ سەرجێی (جیماع کردن), وە خێزانەکەشی نەیات بۆلای, وە پیاوەکەش ئەوشەوە بە تووڕەیی بباتە سەر, ئەوا مەلائیکەتەکان نەفرەتی لێ دەکەن تاکو ڕۆژ دەبێتەوە .

(2) ئیمامی (البُخَاريّ) گێڕاویەتیەوە لە (أَبُو هُرَيْرَةَ رضي الله عنه)وە کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: « إِذَا بَاتَتِ الْمَرْأَةُ مُهَاجِرَةً فِرَاشَ زَوْجِهَا لَعَنَتْهَا الْمَلاَئِكَةُ حَتَّى تَرْجِعَ »[2] واتە: ئەگەر ئافرەتێك بە بێزاریو بەبێ هیچ هۆیەك جێی مێردەکەی بەجێهێشت, وە دوور لە مێردەکەی ڕۆژ بکاتەوە, ئەوا مەلائیکەتەکان نەفرەتی لێ دەکەن تاکو دەگەڕێتەوە .

---

(1) رواه البخاري (5193) ومسلم (3614) .

(2) رواه البخاري (5194) ومسلم (3611) .

# یانزەیەم
# هەرکەسێك بێ باوەڕبێت و بەوشێوەیەش بمرێت

یەكێكی تر لەو كەسانەی كە بەدبەختو چارە ڕەشنو مەلائیكەتەكان نەفرەتی لێ دەكەنو دوعای لێ دەكەن, ئەوانەن كە بێ باوەڕنو بە بێ باوەڕیش دەمرن .

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموویێت: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَمَاتُواْ وَهُمۡ كُفَّارٌ أُوْلَـٰٓئِكَ عَلَيۡهِمۡ لَعۡنَةُ ٱللَّهِ وَٱلۡمَلَـٰٓئِكَةِ وَٱلنَّاسِ أَجۡمَعِينَ ﴿١٦١﴾ خَـٰلِدِينَ فِيهَاۖ لَا يُخَفَّفُ عَنۡهُمُ ٱلۡعَذَابُ وَلَا هُمۡ يُنظَرُونَ ﴿١٦٢﴾ ﴾ [البقرة: 161-162] واتە: بەڕاستی ئەوانەی بێ باوەڕ بوونو بەبێ باوەڕیش مردوون, ئەوانە لەسەریانە نەفرینی خوای گەورەو مەلائیكەتەكان تێكڕای خەڵكی, وە تێیدا دەمێننەوە بەهەمیشەییو سزایان لەسەر سووك ناكرێتەوە, وە دوا ناخرێن لە سزاو ئەشكەنجە .

ئیمامی (اِبْنُ كَثِير) لە تەفسیرەكەیدا فەرموویەتی: خوای گەورە ڕوونی كردۆتەوە كە هەركەسێك بێ باوەڕ بێتو لەسەر بێ باوەڕیش بمرێت, ئەوا نەفرینیان لەسەر هەتا ڕۆژی دوایی, پاشان هاوەڵایان ئاگرەو بەهیچ شێوەیەك سزای ئاگریان لەسەر سوك ناكرێت تەنانەت بۆ سەعاتێكیش, بەڵكو بەهەمیشەیی سزا دەدرێن[1] .

---

([1]) تفسير ابن كثير (214/1) .

## یانزەیەم

## هەرکەسێك لە پاش باوەڕهێنان بێ باوەڕبێتەوە

یەکێکی تر لەو کەسانەی کە مەلائیکەتەکان نەفرەتی لێ دەکەن و دوعای لێ دەکەن, ئەوانەن کە لە پاش ئەوەی کە باوەڕ دەهێنن پاشەگەز دەبنەوەو بێ باوەڕدەبن .

خوای گەورە لە قورئانی پـیرۆزدا دەفـەرموویت: ﴿كَيْفَ يَهْدِي ٱللَّهُ قَوْمًا كَفَرُواْ بَعْدَ إِيمَـٰنِهِمْ وَشَهِدُوٓاْ أَنَّ ٱلرَّسُولَ حَقٌّ وَجَآءَهُمُ ٱلْبَيِّنَـٰتُ ۚ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِي ٱلْقَوْمَ ٱلظَّـٰلِمِينَ ﴿٨٦﴾ أُو۟لَـٰٓئِكَ جَزَآؤُهُمْ أَنَّ عَلَيْهِمْ لَعْنَةَ ٱللَّهِ وَٱلْمَلَـٰٓئِكَةِ وَٱلنَّاسِ أَجْمَعِينَ ﴿٨٧﴾ خَـٰلِدِينَ فِيهَا لَا يُخَفَّفُ عَنْهُمُ ٱلْعَذَابُ وَلَا هُمْ يُنظَرُونَ ﴿٨٨﴾ إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُواْ مِنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ وَأَصْلَحُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٨٩﴾﴾ [آل عمران: 86-89] واتـــە: چـــۆن خـوای گـەورە ڕێنمـوونی گـەلێك دەكـاتبێ بـاوەڕ بـوون دوای باوەڕهێنانیـان, وە شایەتیان دابێ کە ئەو پێغەمبەرە ڕاستە وە نیشانەی بۆ هـاتبێ, وە خـوای گـەورە ڕێنموونی گەلی ستەم کار ناکات, ئەوانـە سـزایان ئەوەیـە کـە لەسـەریانە نـەفرینی خـوای گـەورەو مەلائیکەتـەکانو هـەموو خـەڵکی, لـەو نەفرینـەدا دەمێننـەوە بـە هەمیشـەیی, وە سـزاو ئەشـکەنجەیان لێ سـوك ناکرێـت و مۆڵـەت نـادرێن, مەگـەر ئەوانـەی تۆبـەیان کردبێـت دوای ئـەوەو کـردەوەی چـاکیان ئـەنجام دابێـت, ئـەوە بێگومان خوای گەورە لێ خۆش بووی مهرەبانە .

ئیمـامی (الطَّبَرِيّ) لـە تەفسـیرەکەیدا فەرموویـەتی: چـۆن خـوای گـەور ڕێنمـوونی

خەڵكانێك دەكات كە ئینكاریو نكووڵی لە ڕاستێتیو حقیقەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەكەن, لە دوای ئەوەی كە بەڕاستیان دانوەو شایەتیان داوە كە نیشانەی ڕاستی بۆ هاتووە, بۆیە ئەوانە دوور دەبن لە ڕەحمی خوای گەورەو مەلائیكەتو خەڵكیش دوعایان لێ دەكرێت بە سزاو ئەشكەنجە دانیان بەهەمیشەیی لە ئاگری دۆزەخدا, وە بەهیچ شێوەیەك ئەو سزاو ئەشكەنجەیەیان لەسەر سوك ناكرێت[1] .

## دوو ئامۆژگاری

**یەكەم:** ئامۆژگار هەموو كەسێكی خاوەن زانستو زانیاری دەكەم, بەوەی كە ئەم كەسانە بەخەڵك بناسێنن كە مەلائیكەتەكان دوعایان بۆ دەكەنو بۆیان دەپاڕێنەوە, وە ئاگاداریشیان بكەنەوە بەوەی كە خۆیان بە دوور بگرن لەو كردەوانەی كە تووشی نەفرینی مەلائیكەتەكانیان دەكات .

**دووەم:** ئامۆژگاریم بۆ خۆم بۆ هەموو خەڵكی لە ڕۆژ هەڵات و ڕۆژئاوا, بەپیاو بەئافرەتەوە, بۆ پێش بڕكێو بەدەستهێنانی ئەو كارو كردەوانەی كە هۆكارن بۆ ئەوەی مەلائیكەتەكان دوعامان بۆ بكەنو بۆمان بپاڕێنەوە, وە خۆشمان بەدوور بگرین لەو كارو كردەوانەی كە هۆكارن بۆ ئەوەی كە مەلائیكەتەكان نەفرەتمان لێبكەنو دوعامان لێ بكەن .

---

([1]) تفسير الطبري (576/6) .

**داواکارم لە خوای گەورەو میهرەبان تەوفیقی هەموو لایەکمان بدات .**

سایتی فەرموودە هەمیشە ڕاستگۆیی ڕێگایی ژیانمانە بۆ

خزمەت کردنی دینمان ئیسلام لەسەر مەنهەجی قورئان و سونەت

www.fermude.com